گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دەروازەیەکی تیۆری لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیایی کولتووری
# توێژینەوەیەکی تیۆری- شیکارییە

**د. جبار قادر احمد**
بەشی پەروەردەی گشتی، کۆلێژی پەروەردە و زمان، زانکۆی لوبنانی فەرنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Jabar.ahmed@lfu.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٤/١/٤
پەسەندکردن:٢٠٢٤/٢/٤
بڵاو کردنەوە:بەهار٢٠٢٥

**وشە سەرەکییەکان:**
*Cultural (Culture) ، Anthropology Ethnograph, Ethnolog, Archeology*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.1.7

## پوختە

ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووریی لقێکە لە ئەنترۆپۆلۆژیا؛ یەکێکە لەو زانستە نوێیانەی کار لەسەر کولتووری کۆمەڵگەکان، سیستەمەکانی سیاسی،کۆمەڵایەتی،ئایینی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگە جیاجیاکان دەکات. ئەم زانستە خوێندنەوەی واقعی و درووست بۆ رووداوەکان دەکات. ئەنترۆپۆلۆژیستەکان [سەرنج دەدەنە جیاوازییە کولتوورییەکان، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەگەزە کولتوورییەکان و شێوازی ژیان و پەیوەندی و کارلێککردنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە گەشەنەسەندوو و پێشکەوتووەکاندا.

ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووریی توێژینەوە لە کولتووری کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دەکات، بەجۆرێك كە ڕەگەزە سەرەکییەکانی کولتوور و بابەتە سەرەکییەکانی بەوردی و چڕی دەخاتە ڕوو، ئەگەرچی تەکنەلۆژیا و، کرانەوەی سنوورەکان، ڕەگەزێکی کولتوورێك بەسەر کولتوورەکانی دیکەدا دەچەسپێنێت، یان کاریگەرتر دەبێت، چونکە جیاوازییە کولتوورییەکان بەهۆی بەرفراوانی و کاریگەریی تەکنەلۆژیاوە زیاتر دەردەکەون. هەندێ کاتیش تەکنەلۆژیا و گۆڕانگاری و نوێکارییە ماددییەکانی کولتوورێك ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر کولتوور و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەیەکی دی، لە هەندێ بابەتدا کاریگەری کولتووری ماددی لەسەر کۆمەڵگە بە بەهێزی دەبیندرێت. هەروەها تێکەڵبوونی

کولتووریی و کارلێککردنی کولتووریی لە کۆمەڵگەکاندا بە پرۆسەیەکی جیاواز ڕوودەدات.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی تیۆری -شیکارییە لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووریی، کە زیاتر چوارچێوەی ئەو زانستە و لایەنی تیۆری و میتۆدۆلۆژیای ئەو زانستە ڕوونکراوەتەوە. ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی گرینگی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووریی بۆ توێژینەوە لە کولتووریی کۆمەڵگە جیاوازەکان و وردبوونەوە لە گۆڕانکارییە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکان، هەروەها کولتوور کاریگەریی قوڵی لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتار و پەیوەندی و کارلێککردنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی بەهێز دەبیندرێت.

## پێشەکی:

ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری لقێکە لە ئەنترۆپۆلۆژیایی گشتی و بایەخ بە توێژینەوەی کولتووری مرۆڤایەتی هاوچەرخ، بیروباوەڕیان، بەهاکانیان، تەکنەلۆژیا، بواری ئابووری، چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیان دەدات .ناساندنی کولتووری پشت بە بنەمای کۆکردنەوەی زانیاری دەبەستێت، ئەوەش لە ڕێی وردبوونەوە لە چالاکی خەڵکیی و دابو نەریتەکان و بەهاکانیان دەدات. بوارە سەرەکییەکانی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوور هەر یەك لە" هێماگەرایی، بەهاکان، پەیوەندی، دابونەریت، بەرهەم، ماف، و بەجیهانیبوون، دەگرێتە خۆی. هەروەها گرینگی دەدات بە چەندین لایەن کە دیراسەی بناغەی کولتووری مرۆڤایەتی و گۆڕانی کولتووری و گونجانی کولتووریی دەکەن. هەروەها هەڵدەستێ بەدیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی لێکچووی نێوان کولتوورەکان، لێکدانەوە و شیکردنەوەی قۆناغەکانی پێشکەوتنی کولتووری لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، دیاری دەکات. ئەم زانستە گرینگی زیاتر بە زمان و شوێنەوار و زانستی بەراوردکاری لە نێوان کولتووره جیاجیاکاندا دەدات .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کولتوور چەقی دیراساتی ئەنترۆپۆلۆژیایی کولتوورییە، چونکە کولتوور دەرفەتی تەواو بۆ بەدەستهێنانی پێداویستی و ویستەکانمان دەڕەخسێنێت. پێداویستیەکانمان ـ چ لە ڕووی بایۆلۆژی و چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ، کولتوور ئاراستەی چەندین چالاکییەکانی مرۆڤ دیاری دەکات. هەربۆیەش، کولتوور وەکو پرۆسەیەك پێناسە دەکرێت کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ پێداویستیەکان بەدەست دەهێنێت و تەواویان دەکات .هەموو کولتوورەکان لە بنچینەدا ئامادەییان تێدایە بۆ گۆڕان و لەهەمان کاتدا بۆ دژ بە گۆڕان. هەندێ کرداری داینامیکی هەیە کە کاری هاندانی خەڵکە بۆ قبووڵکردنی بیرورای نوێ و پێداویستی نوێ و هەندێ کرداری تر هەن هانی نەگۆڕان و دژ بە گۆڕان دەدەن. دەوترێت کە کولتوور و شارستانەت کاریگەرییەکی دیار و ئاشکرایان هەیە لەسەر بەها تایبەتیەکانی تاك و گرووپ و کۆمەڵگەکان هەیە ، تەنانەت نەتەوە تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت بەهێز و یەکگرتوو بێت کە ڕێکەوتنێکی بەکۆمەڵ لە لایەنی کولتوورییەوە کرابێت یان هەیبێت،کولتوور لە ڕێگەی پەورەردە، ڕاگەیاندنو کرانەوەی سنوورەکانەوە دەگوازرێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی تیۆری- شیکارییە، کە هەر یەکە لە چەمکەکانی کولتوور و ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری خستووەتە ڕوو، هەروەها مێژووی پەرەسەندنی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووریی، تیۆرەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوور و بابەتە سەرەکانی خستووەتە ڕوو، لەگەڵ ئەمەشدا میتۆدۆلۆژیا، ئامراوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیدا و پرەنسیبە گشتییەکانی کاری توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی کولتووری باس کردووە.

## 2.چەمکەکانی توێژینەوەکە

### 1.2 کولتوور: Culture

دوو بۆچوونی گشتی لە نێوان ئەنترۆپۆلۆژیستەکان و کۆمەڵناسەکان لە بارەی شێوەی کولتووری هەرکۆمەڵگەیەك لە ئارادایە: بۆچوونی یەکەم، پێیوایە کولتوور شتێکی چەقبەستووە لەڕەفتاری مرۆڤدا، ئەمەش لەبەرئەوەی کولتوور ناکەوێتە چوارچێوەی هەستەوەرە باوەکانی مرۆڤەوە، بەڵکوو پتر پەیوەستە بە لایەنی زەینییەوە، لەم سۆنگەیەوە،دەکرێت کولتوور بەو هێزە حەشاردراوە هەژمار بکەین کە لەپشت ئاکار و ڕەفتارەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەوەیە(الصاوی، 1997، 67). لێرەوەیە دەگەینە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو بۆچوونەی کە ڕەفتارەکانی هەرمرۆڤێك ڕەنگدانەوەی کولتوورەکەیەتی، هەرچەندە ئەوبۆچوونە لەلایەن بایۆلۆژیست وسایکۆلۆژیستەکانەوە ڕەخنەی زۆری لێ گیرا، چونکە بەو پێناساندنەی بۆ کولتوور هەیەتی،ڕاستەوخۆ لایەنی خۆرسکیانەی مرۆڤ ڕەتدەکاتەوە.

هەرچی بۆچوونی دووەمە، کە پێیوایە کولتوور شتێکی چەقبەستبوو نییە، بەڵکوو ئاکاری مرۆڤ خۆیەتی و دەستکەوتە ماددییەکان خۆیان کولتوور نوێدەکەنەوە بەهەستەکانی مرۆڤەوە. ئەو تێڕوانینەیش،ڕاستەوخۆ کولتوور بە بنیادنان و دامەزراندنی شارستانیەت دەبەستێتەوە(Ahmed,2023 :68). بەگشتی لە ئێستادا زۆربەی بۆچوونەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە کولتوورەکان بە بەردەوامی لە گۆڕاندان، بەڵام بەشێکیان زۆر بەخێرای دەگۆڕدرێن و بەشێکیان زۆر بەهێواشی دەگۆڕدرێن، کە ئەو کولتوورانەی داخراون و خەڵك بە توند

کلایدکلوکهۆن (Clyde Kluckhoh) لە بارەی کولتوورەوە دەڵێت: «مەبەست لە کولتوور هەموو ئەونەخشە داڕێژراوە مێژووییانەن کە ڕێرەوی ژیان دیاری دەکەن، وەکو نەخشەی دیار و ئاشکراو نادیار و شاراوە،ئەقڵانی ونائەقڵانی ڕەفتار لەگەڵ شتە ماددییەکاندا دەکات، ئەوانەش لە هەموو کاتێکی دیاریکراودا هەن، وەکو ئەوەی خاوەنی تواناکارییەکی بەهێزبن بۆ ئاراستەکردنی ڕەفتاری خەڵك (کلوکهون، 1964، 67؛ مرۆڤناسی ئێرانی، ناسر فەکووهی (Nasser Fakouhi)ـیش پێیوایە: کولتوور کۆمەڵەیەکی پێکهاتەیییە لەو دیاردە ماددی و نامادددییە سەپێنەرو وەرگیراوانەی کە لە کاتێکی تایبەت لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا بوونیان هەیە و بوونەتە هۆی تەبایی و یەکخستنی ئەو کۆمەڵگەیە ئەویش لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەی فەرمی و نافەرمی کەلە نەوەیەکەوە بۆنەوەیەکیتر دەگوازرێنەوە(فکوهی، 1391، 101).

جیاوازی تێڕوانینی ئەنترۆپۆلۆژیا لەگەڵ زانستە مرۆییەکان لە پێناسەکردنی کولتوور لەوەدایە کە ئەنترۆپۆلۆژیا ڕوانگە ودیدێکی گشتگیریانەی (Holistic) هەیە،واتە لە هەرکولتوورێك چوارلایەن لەگەڵ یەکتر ولە پەیوەست بە یەکتر تاوتوێدەکات ئەوانیش: لایەنی بایۆلۆژیکی، لایەنی مێژوویی ،لایەنی زماناسی وزما2نی کولتوورییە. لەدیدی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیاوە، ناوەندی زانین وناسین بۆ ئێمە پێویستە مرۆڤبێت و لە ڕێگەی مرۆڤیشەوە دەتوانین جیهانبناسین. نەك بەم هۆیەی کە مرۆڤ سەنتەری جیهانە، بەڵکوو بەم هۆیەی کە ئەو «زانینەی»کە ئێمە لێیدەدوێین دەتوانێ زانینێکی

مرۆییبێت کە مرۆڤەکان لە جیهانیان هەیە و لەڕێگەی ئامرازە زمانەوانییەکانی مرۆڤەوە،یان ئامرازە ڕەمزی و سیمۆلۆژییەکانیانەوە بێتەکایەوە.

(ڕادکلیف براون- Radcliff Brawn) پێیوایە «کولتوور پرۆسەی ترادیسۆنێکی کولتوورییە، واتە پرۆسەیەکە لەو ڕێگەیەوە لەگرووپێك یان چینێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتدا، زمان، باوەڕ، گومان، شتە پەسندکراوەکان، مەعریفە، لێزانی و عورفە جۆراوجۆرەکان دەست بەدەست لەکەسێکەوە بۆکەسێکی دیکە و لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە(عثمان،2006، 156). هەروەها ئەنترۆپۆلۆژیست (ڕاڵف لینتوون -R.Linton 1893-1953)، پێیوایە کولتوور بریتییە لە سەرەنجامی کۆکردنەوەی مەعریفە وئاراستەو جۆرەکانی

کەواتە کولتوور دوو لایەن دەگرێتەوە: یەکەم، کولتووری ماددی؛ پێداویستییە ماددییەکانی ژیان بە جۆرێك لەگەڵ گوزەران و ئاستی پێشکەوتنی ژیاندا بەردەوام بێت و بگونجێت؛ دووەم، کولتووری مەعنەوییە؛ کە بەها و دابونەریت و شێوازی زمان و ئایین و سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئابووری دەگرێتە خۆی. تەواوی ئەو لێهاتوویی و دەرکەوتە ماددی و نامادديانەش کە بە شێوەی وەرگیراو یان سەپێنراو لە کۆمەڵگەیەکدا هەن، بە جۆرێك لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە و، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگوازرێتەوە .

## 2.2: ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووریی Cultural Anthropology

ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری، ئەو زانستەیە کەوا بایەخ بە لێکۆڵینەوەی کولتووری مرۆیی دەدات، هەروەها گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە شێوازەکانی ژیانی مرۆڤ و ئەو ڕەفتارانەی دەدات کە زادەی کولتوورەکەیەتی. هەروەها لە گەلانی کۆن دەکۆڵێتەوە، وەك چۆن لە گەلانی هاوچەرخ دەکۆڵێتەوە. (بیلز وهویجر، 1976: 21)، بۆیە ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری لقێکە لە ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی، جەخت دەکاتە سەر بونیادی کولتووری مرۆیی و چۆنیەتی ڕاپەراندنی ئەرکەکانی لە هەر سەردەم و زەمینێکدا بێت، (فوزی و علی، 1987 :9) ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری بەشێوەیەکی فراوان بووەتە جێی بابەخی مرۆڤناسانی کۆمەڵگا فرە ڕەنگەکان، ئەوکۆمەڵگایانەی زیاتر لە زمان و ئایین و مەزهەب و نەتەوە و ئێتنۆسێك لە خۆ دەگرن، بەتایبەتی دوای فراوانبوونی کۆچی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە کۆمەڵی لاوان و دانیشتوانی ئەفریقا و ئاسیاوئەمەریکای لاتینیەوە بۆ ئەورووپا و ئەمەریکا. (شوانی، 2017: 91).

ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی مرۆڤ ئەنجام دەدات، چ ئەوانەی پشتیان بەستووە بە کەلەپووری نووسراوی مرۆڤی کۆن و شیکردنەوەی شوێنەوارەکانیان، چ ئەوانەی پەیوەستن بە مرۆڤی هاوچەرخەوە لە چوارچێوەی گوزەرانی کۆمەڵایەتیدا، کە زۆر جار ئەم زانستە توێژینەوە لە جیاوازیی و فرەیی مرۆیی دەکات، هەروەها لە ڕەفتار و شێوازی ژیانیان دەکۆڵێتەوە(Eller,2016 :5). ئامانجی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری بریتییە لە تێگەیشتن لە دیاردەی کولتووری و دیارکردنی ڕەگەزەکانی کولتوورە، هەروەها لێکۆڵینەوە لە پرۆسەکانی گۆڕانی کولتووری و تێکەڵاوی کولتووری، دیاریکردنی خاسییەتە هاوشێوەکانی نێوان کولتووران، دواجار ڕاڤەکردنی قۆناغەکانی پەرەسەندنی کولتووریکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، هەروەها وەرگرتنی بیرکردنەوەکان، هەستەکان و چالاکییەکانە لە گرووپێکی کۆمەڵگە، کە جۆرێك لە پەیوەندی و کارلێککردنی کۆمەڵایەتی لەگەڵدایە(Eller,2016 :5).

ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری لە دوای دووەم جەنگی جیهان دەرکەوت، جێی ئاماژەیە وەك ئەنترۆپۆلۆژیای هاوچەرخ دەرکەوت. ئەوەی یارمەتیدەری ئەم ئاراستەیە بوو و پشتیوانی بوو، بریتی بوو لە زیادبوونی ژمارەی ئەنترۆپۆلۆژیستەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، ئەمە لەپاش ئەوە دێت کە پێشتر ئەم پیشەیە تەنیا لەسەر توێژەرە ڕۆژئاواییەکان وەستابوو. چیتر بواری لیکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی کورت نەدەکراوە لە کۆمەڵگە قەبارە بچووکەکان، یا خۆجێییە خاوەن کولتوورە ناعەرەبییەکان، بەڵکو بە ئاراستەی فراوانکردنی بوارەکانیدا چوو، بە شێوەیەك هەموو کولتوور و کۆمەڵگەکان بگرێتەوە، وێرای جیاوازیی قەبارە و شوێنیان. (فهیم، 1967: 32).

ئەنترۆپۆلۆژیا دیراسەی کولتوور دەکات، هەوڵ دەدات لێکۆڵینەوە لە کولتوورە جیاجیاکان بکات و کاریگەریی کولتوورێك لەسەر پێکهاتە جیاجیا کۆمەڵایەتییەکان بخاتە ڕوو، بە جۆرێك تەکنەلۆژیا و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کرانەوەی سنوورەکان، ڕەگەزێکی کولتووریێك بەسەر کولتوورەکانی دیکەدا زاڵ دەکات، یان کاریگەرتر دەبێت، چونکە جیاوازییە کولتوورییەکان بەهۆی بەرفراوانی و کاریگەریی تەکنەلۆژیاوە زیاتر دەردەکەون، هەندێ کاتیش تەکنەلۆژیا و گۆڕانگاری و نوێکارییە ماددییەکانی کولتووریێك ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر کولتوور و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایەکی دی.

دیدگایەکی دیکە پێیوایە کە کولتوورگەرایی(Culturalism) زاراوەیەکە تایبەتە بە ئەنترۆپۆلۆژی( کە دەتوانین ئەنترۆپۆلۆژیایی کولتووری و کولتوورگەرایی بە هاواتا یان لانیکەم زۆر نزیك بەمانای ئەنترۆپۆلۆژی دابنێین) بەڵام هەڵدەگرێ بگوێزرێتەوە بۆ بواری زانستی کۆمەڵناسی، بۆیە ڕوانگەی کولتوورگەرایی لەسەر کۆمەڵێك پرس دامەزراوە، کە دەبێ وەك بونیادگەرایی، ئەرکگەرایی، کولتوورگەرایی وەك پارادیم لەبەرچاو بگرین، واتە چوارچێوەیەکی هزری ئەو تیۆری و توێژینەوە بەرهەمدارانەی لەسەری دادەمەزرێن، هەروەها وەك جیهانبینی؛ واتە ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆجی کۆمەڵگەکان (بوریکو،2007 :228).

کەواتە بە شێوەیەکی گشتی، ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە؛ لەو ڕووەی ئەندامێکی ناو کۆمەڵگەیەکی خاوەن کولتووریکی دیاریکراوە، هەروەها بایەخ دەدات بە کەلەپوور و ژیان لەناو چوارچێوەی کۆمەڵگە، بە هۆیەوە دەشێ بچینە ناو ناوەڕۆکی کولتوورە جیاجیاکان، و زانینی ئەوەی گەلان چۆن دەژین، ئەمە جگە لەوەی کە کولتوورە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەکۆڵێتەوە.

### 3.هەڵکەوتنی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری و قۆناغەکانی پەرەسەندنی:

هەتا دوای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری لقێک بوو لە ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی؛ لە وەپاش بوو بە بەشێکی سەربەخۆ. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زانای ئینگلیزی (ئیدوارد تایلور 2 October 1832 – 2 January 1917 -Edward Tylor)، کە لە پێشەنگانی ئەنترۆپۆلۆژیا دەژمێردرێ کە یەکەم پێناسەی گشتگیری بۆ کولتوور کردووە لە ساڵی 1871 لە کتێبی "کولتووری سەرەتایی". لەوساکەوە ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیوە، هەتا گەیشتووەتە ئەمەی ئێستاکە (Barnouw,1972:7).

قۆناغی سەرەتایی: ئەمە لە دەرکەوتنی ئەم ئەنترۆپۆلۆژیاوە درێژ دەبێتەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم. ئەمە بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ کێشانی وێنە گشتیەکەی پەرەسەندنی کولتوور لە کۆنەوە، هەروەها توێژینەوەی هەڵکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆیی. لەم قۆناغە لە پاڵ زانای ئینگلیزی تایلور، زانای ئەمریکی (فرانز بواس-Franz Boas 1858-1942)دەرکەوت و دەستی گرتبوو بە ئاراستی مێژوویی لە لێکۆڵینەوەی کولتووورە مرۆییەکان، ئەمەش لە دوو لایەنەوە؛ یەکەمیان: ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی درێژ و چڕ لەبارەی کولتوورەکانی گرووپە بچووکەکان، وەك هۆز و خێڵەکان، و قۆناغەکانی پەرەسەندنیان( بونت و ایزاد،2006 :427).

دووەمیان بەراوردکردن لەنێوان مێژووی پەرەسەندنی کولتووری لەلای چەند هۆزێك، بە ئامانجی گەیشتن بە یاسا و بنەماگەلی گشتی، کە کۆنترۆڵی گەشەی کولتووری مرۆیی و پەرەسەندنی بکات. ئەمەش بایەخی خۆی دەداتە ئەنتترۆپۆلۆژیا بەوەی کە زانستێکە خاوەن میتۆدی تایبەتی خۆیەتی. بە دامەزرێنەری ئەنترۆپۆلۆژیای ئەمریکی دادەنرێت و بەهۆی جیاوازی و فرەچەشنی کولتووری گەلی ئەمریکاوە بەو ناوە ناونرا، بۆیە لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان دەستیان کرد بە گرنگیدان بە کولتووری ئەمریکی کۆمەڵگە. بەو پێیەی بابوس سەرنجی لەسەر کولتوورەکانی هیندستان بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر نەوەی دواتری مرۆڤناسە کولتوورییەکانی وەک مارگرێت مید و ئێدوارد ساپیر هەبوو(بونت و ایزاد،2006 :427-428).

قۆناغی دووەم: دەکەوێتە نێوان (1900- 1915 م)، بە قۆناغی پێکهاتن دەژمێردرێت، کە هەوڵە توێژینەوەیی و لێکۆڵینەوەییەکان جەختیان دەکردەوە سەر کۆمەڵگە بچووکە دیاریکراوەکان، بۆ زانینی مێژووی کولتووری و قۆناغەکانی پەرەسەندنی، دواتر دیاریکردنی ڕەگەزەکانی ئەم کولتوورە پێش ئەوەی لەناوبچێت. لەسەر ئەم بنەمایە لێکۆڵینەوەی جیاجیا کراوە لەسەر کولتووری هیندییە سوورەکانی ئەمریکا، توێژەری ئەمریکی وسلەر، گەیشتۆتە شێوازێك کە بە هۆی لێکۆڵینەوەی هەرێم یا ناوچەیەکی هاوشێوە لە کۆمەڵگەی تری هاوکولتوور، یاخود ئەمەی ناوی ناوە (ناوچەی کولتووری).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وسلەر ناوچەی کولتووری چوواندووە بە بازنەیەك، کە زۆربەی ڕەگەزە کولتوورییەکان لە چەقیدان، چەندەش لە چەقەکە دوورکەوێتەوە ئەم ڕەگەزانە کەمتر دەبنەوە( بونت و ایزاد،2006 : 428-429).
قۆناغی سێیەم: دەکەوێتە نێوان (1915- 1930 م) کە قۆناغی بووژانەوەیە، کە جیادەکرێتەوە بە زۆربوونی توێژینەوە و تاوتوێی ئەو پرسانەی دەچنە ناو ناخی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری، بە تایبەت ئەو لێکۆڵینەوانەی چاویان لەسەر ئەمریکا بوو ( بونت و ایزاد،2006 : 429).

قۆناغی چوارەم: بووژانەوەی ئەنترۆپۆلۆژیا لەو قۆناغە دەگەڕێتەوە بۆ پێگەیینی ئەم زانستە و ڕۆشنبوونی چەمك و میتۆدەکانی. ئەم بووژانەوەیە هاوڕێ بوو لەگەڵ بووژانەوەی قوتابخانەی مێژوویی لە ئەمریکا و دەرکەوتنی قوتابخانەی بڵاوبوونەوەیی لە ئینگتەرا، بە تایبەتی دوای لەخۆگرتنی چەمکی (ناوچەی کولتووری) وەك چوارچێوەیەك بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕەگەزە کولتوورییەکان، و گەیشتن بە ڕەگەزی هاوبەشی نێوان کولتوورە هاوشێوەکان (kedia, 2005 :2).
قۆناغی پێنجەم: ماوەی تەنیا دە ساڵان بوو، دەکەوێتە نێوان (1930- 1940 م). سەرەڕای کورتیی ماوەکەی، بەڵام ناوی نراوە ماوەی فراوانکاری، جیادەکرێتەوە بە داننانی زانکۆکانی ئەمریکا و ئەورووپایە بە ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری وەك زانستێکی تایبەت لە چوارچێوەی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی، ئیتر لق و بریاری لێکۆڵینەوەیی بۆ درا لە بەشەکانی کۆمەڵناسی لە زانکۆکان. لەم سەردەمە تیۆری (تەواوکاری) دەرکەوت کە هی (ادوارد سابیر *E. Sapir*) زانای کۆمەڵناسی ئەمریکییە، کە بە هۆیەوە توانی کۆمەڵێکی گونجاو دیاری بکا لە شێوازی ڕەفتاری مرۆیی، کە دەکرێ پشتی پێ ببەسترێ لە لێکۆڵینەوەی ڕەفتاری تاکایەتی، لەلای تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیارکراو، بە شێوەیەك کە ناوەڕۆکی کولتوور لە ڕاستیدا شتێك نییە جگە لە کارلێکی تاکەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ یەکتر، وهەرچییەکی زادەی ئەم کارلێکە بێت، هەر لە پەیوەندییەکان و هەست و سۆز، ڕێگە هاوبەشەکانی ژیاندا دەگرێتەوە (kedia, 2005 :2).

لەم ماوەیە ئەنترۆپۆلۆژیا تا ئەندازەیەکی دوور، کاریگەر بوو بە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، بە تایبەت لە چەمك و میتۆدەکانی، ئەمەش بە فەزڵی ئەم توێژینەوانەی هەریەکە مالینۆفسکی و براون

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە بوارەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ئەنجامیان داوە. ئەمەش ماوەی هاوچەرخە کە لە ساڵی 1940ـەوەڕا دەست پێ دەکا، تا ئەم سەردەمەی ئێستا. ئەم قۆناغە بە فراوانبوونی چوارچێوەی لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان جیادەکرێتەوە، لە دەرەوەی ئەوڕووپا و ئەمریکا، و بڵاوبوونەوەی لە زۆرێکی زانکۆکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم. لە ئەفریقیا و ئاسیا و ئەمریکای لاتینی(مبروك،2022: 56). لێکۆڵینەوە لە ناوەندیی کولتووری، میکانیزمێکی سایکۆلۆژی دەدۆزێتەوە کەوا ڕەفتاری ئاراستە دەکات، تەوژمی شەڕانگێزی لادەدات لە گشت بوارە جیاجیاکان. نموونەش لەسەر ئەمە لە هەندێ سیستمی کۆمەڵایەتی، وەکچۆن لە ڕێوڕەسمی ئاپۆ (Apo) وایە کە هۆزەکانی ئاشانتی (Ashanti) لە کەناراوەکانی زێڕین لە ئەفریقیای ڕۆژئاوا ئەنجامی دەدەن، لە ئاهەنگەکانی ئاپۆ، نەك هەر ڕێدراوە، بەڵکو پێویستە خەڵکانی دەسەڵاتدار گوێ بگرن لە گاڵتە و لۆمە و تانەی ژێردەستەکانیان بە هۆی ئەو زوڵمانەی ئەنجامیان داوە. پیاوانی ئاشانتی بڕوایان وایە ئەمە گرەنتییەکە تاکو ڕۆحی حوکمداران ئازار نەچێژێت بە هۆی ڕق و تووڕەیی ناخی خەڵك. گەر ئەمە نەبێت، ئەوا ئەم ڕقە پەنگ دەخواتەوە پتر دەبێ، دەبێتە هۆی لاوازکردنی دەسەڵاتی حوکمداران، بگرە کوشتنیان. کارابوونی ئەم میکانیزمە (لە ناوەڕۆکدا فرۆیدیە) زۆر پێویستی بە هەناسەدانێکی ئەم چەپاندنە نییە. بەڵکو زیاتر ڕۆشناییە بۆ سەر شێوەکانی ڕەفتاری ڕێکخراو لە سیستمی کۆمەڵایەتی، بە تایبەت لە ڕاستکردنەوەی لاسەنگی لە گەشەی کەسایەتیی ئەو تاکانەی ئەم سیستمە دەیانگرێتەوە. (هرسکوفیتر، 1974، ص59).

## 4. تیۆرەکانی کولتوور و ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری

### 1-4: تیۆری بڵاوبوونەوەی کولتووری (Diffusion Theory):

ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای بڵاوبوونەوەی کولتووری بونیاد نراوە، واتە جەختکردنەوەیە لەسەر بڵاوبوونەوەی هەندێ لە سیما کولتوورییەکان؛ بەشێوازێك کە کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە و کولتوورەکانی دیکە بەشێوەی بەهێز بەجێ دەهێڵی، بانگەشەکارانی ئەم ئاراستەیە لەو گریمانەیەوە سەرهەڵدەدەن کە دەڵێ پرۆسەی بڵاوبوونەوە ناوندێکی دیاریکراوی کولتووریەوە دەست پێ دەکات، تا دواتر بە تێپەڕینی کات بگوازرێتەوە بۆ بەشە جیاجیاکانی جیهان، لە ڕێگەی گەیاندنی نێوان گەلانەوە (النور و شلابی،2002: 03). ئەم تیۆرە هەوڵ دەدات ئەڵقەی بەستنەوەی کولتوورەکان بدۆزێتەوە

لەگەڵ ئەنجامی کارێلێکی جوگرافی و زەمەنی، هەروەها پابەندە بە بنەمایی مێژوویی لە پەیوەندیی نێوان کولتوورەکاندا.

(فرانس بواس-Franz Boas- 1885-1942)کە بەڕەچەڵەك ئەڵمانییە و ڕەگەزنامەی ئەمەریکی هەیە، باس لە پرۆسەی بڵابوونەوە (Diffusion) و پرۆسەی تەواوکاری (Integration) دەکات، بەجۆرێك مەبەست لە پرۆسەی بڵاوبوونەوە ئەمەیە کە بڵاوبوونەوەی سیما کولتووریەکان لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی تر بڵاودەبێتەوە و دەگوازرێتەوە لە ڕێی گەیاندنی مێژووییەوە، بەڵام پرۆسەی تەواوکاری مەبەست لێی هەمەوارکردن و گونجاندنی ڕەگەزە وەرگیراوە کولتووریەکان و چەسپاندنیانە لە کولتووری خۆجێتی و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی ژینگەکەدا(غامری،1991: 34)، بۆیە ئەم تیۆرە زیاتر توێژینەوە لە مێژووی کولتوور لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دەکات، لە پێناو تێگەیشتن لە خەسڵەتە هەنووکەیەکانی کولتوور و ڕەگەزە سەرەکییەکانی(تیلوین،2016: 66).

لە ئەورووپا دوو قوتابخانەی بڵاوبوونەوەی کولتووری دەرکەوتن، فریدریچ ڕاتزل [ Fredrich Ratzel 1844 1904] پێشەنگی قوتابخانەی یەکەم بوو، ناوبراو زانایەکی ئەڵمانیە خاوەنی کتێبی جوگرافیای سیاسیە و دامەزرێنەری یەکەمی جوگرافیای نوێیە. میتۆدێکی مێژوویی جوگرافیی گرتەبەر، ئەمەش بە کاریگەریی قوتابخانەی جوگرافیی ئەڵمانی، جەختی کردە سەر بایەخی گەیاندن و پەیوەندیە کولتووریەکانی نێوان گەلان و ڕۆڵی ئەم پەیوەندیانە لە گەشەی و بڵاوبوونەوەی کولتووردا(حواوسة، 2015: 67).

(فریدریچ)بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کشتوکاڵ پشتی بەستووە یا بە تەور یاخود بە گاسن، ئەمەشە ڕاڤەی جیاوازیەکانی نێوان کولتوورە کشتوکاڵیەکان دەکات، بەشێوەیەك کە کشتوکاڵ پشتی بە تەور بەستووە، دەشێ چەندان جار لە شوێنی جیاجای جیهان دەرکەوت بێت، بەڵام جەختیش دەکاتەوە سەر ئەوەی کشتوکاڵی گاسن و ڕاگرتنی ئاژەڵان لە کێڵگە و چەرخەی گڵینە (عجلة الفخاري) هەمووی لە ڕۆژهەڵاتی دووری کۆن پەیدابوون ئینجا لەوێوە بە شوێنەکانی تری جیهاندا بڵابوونەوە.

بەڵام (هاینریچ شورتز-H.Schurtz-) بیرۆکەی بوونی پەیوەندیی کولتووریەکانی نێوان جیهانی کۆن (ئەندۆنیسیا و مالیزیا) و جیهانی نوێ (هەردوو ئەمریکا) زەقکردۆتەوە. لیۆ فرۆبینیۆس بیرۆکەی گواستنەوەی کولتوورە کیشوەربڕەکانی پەرەداوەتێ، بانگەشەی ڕوودانی بڵاوبوونەوەی کولتووری لە ئەندەنووسیاوە بۆئەفریقیا کردووە. لەو کتێبەی ساڵی ١٨٩٨ بڵاویکردەوە بە ناونیشانی: (ئەسڵی کولتوورە ئەفریقی- أصل الثقافات الأفريقية) هەوڵی داوە ئیسپاتی بوونی بازنەی کولتووری زنجیی مالیزی بکات لە ڕۆژئاوای ئەفریقیا، وای ڕاڤەکردووە بە گەیشتنی هەژموونی کولتووری ئەندەنووسی لە وێنەی شەپۆلێکی کولتووری بۆ کەناری ئەفریقیای ڕۆژهەڵات، ئینجا پەڕینەوەی بۆ ڕۆژئاوای ئەفریقیا، کە تا ئێستا شوێنەواری ئەم شەپۆلە ماوە لە کاتێکدا پاشماوەی لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیادا نەماوە، ئەوەش بە هۆی کۆچی دواتری بانتو و حامیەکان. بەمەش لیۆ فروبینیۆس یەکەم کەس بووە چەمکی "بازنەی کولتووری" خستە ناو لێکۆڵینەوە ئێتنۆلۆژیەکان. بە هۆی گەیشتنی کولتووریەکان، بازنە کولتووریەکان پێکهاتن، هەندێ پرۆسەی تێکەڵاوی هاتنە ئارا، پێهاتەی جیاجیا زەقبوونەوە، ئەمەشە ڕاگەی جیاوازیە سەرەکیەکانی کولتوورە سەرەکیەکان دەکات. (عوض، 2010: 68). لە ساڵی ١٩٠٥ گرایبز توێژینەوەکەی لە بارەی "بازنە کولتووریەکانی جزیرەکانی ئۆقیانووسی ئارام" بڵاوکردەوە، تێیدا ژمارەیەکی زۆری ڕەگەزی کولتووری بەکارهێنا کەوا بە یەکەوە بەسترابوونەوە، بۆ پێکهێنانی بازنەیەکی کولتووری. بە بەکارهێنانی بەدوایەکهاتنی کاتی و بڵاوبوونەوەی لە ئوستڕالیا و دورگەکانی ئۆقیانووسی هێمن. لە ساڵی ١٩١١ گرایبز دوا کتێبی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی "میتۆدی ئێتنۆلۆژیا" تێیدا هێڵە گشتیەکانی قوتابخانە بڵاوبوونەوەییەکەی کێشا بوو(حواوسة، 2015: 67).

بیرۆکەی بازنەی کولتووری خۆی دەبینێتەوە لە لایەنە ماددی و ئابووری کۆمەڵایەتی...هتد، چونکە تەواوکاریە و خۆی وەك بازنەیەك دەردەخات، ئینجا زامنی سەربەخۆیی بوونی خۆی دەکات. کۆپەرز لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی "بڵاوبوونەوەیی: گواستنەوە و قبووڵکردن" لە چوارچێوەی کتێبی "ئێنترۆپۆلۆژیای هاوچەرخ" ئەم کتێبە تۆماس سەرپەرشتی کردووە و ساڵی ١٩٥٦ چاپ کراوە، گرنگترین ڕوانگەکانی قوتابخانەی بڵاوبوونەوەیی نەمسایی تێدا پوخت کردۆتەوە، محەمەد ڕیاز ئەم خاڵانەی وەرگێڕاوە لە کتێبی "مرۆڤ: لێکۆڵینەوە لە جۆر و شارستانێتی"، لەمانەیش بڵاوبوونەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کولتووری، ڕادەی گواستنەوە و قبووڵکردنی حەقیقەتێکی واقیعە، وەك چۆن بڵاوبوونەوەیی بنەمایەکی گرنگە لە لێکۆڵینەوە ئێتنۆلۆژی و مێژووییەکان. وەك ئەنجامێکی کەمیی بەڵگەنامە نووسراوەکان، ئەم کارەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری هەیە بۆ سیفەتەکە کولتووریەکان، لەپێناو گەیشتن بە فاکتەرە شوێنی و کاتی و هۆکاریەکان. (حواوسة، 2015: 68).

بڵاوبوونەوەی کولتووری گوزارشت نیە لە کۆی ڕووداوەکانی مێژوو، چونکە لێکۆڵینەوە ڕەگەزەکانی کولتوور شوێنی بەڵگەنامە مێژووییەکان ناگرێتەوە، بەڵام زێدەیەکی گرنگە بۆ سەر ئەم ئاراستە مێژووییە. هەروەها لێکۆڵینەوە بڵابوونەوەییەکان لەسەر بنەمای پێکچوونە کولتووریەکان دامەزراون، تەنانەت لەم بارودۆخانەی کە تێیدا ناتوانین جەخت لەبوونی پەیوەستی و کۆچ بکەین لەنێوان پێکچوونە کولتووریەکان، بێگومان جەختکردنەوەمان لەسەر ئەوەی ئەم دوو دیاردە پێکچووە، سەربەخۆ گەشەیان کردووە، وای لێ دێت قبووڵ نەکرێت، چونکە گریمانەی وا دەکات پەیوەستیەکانی پێشوو ناسەلمێنێت. (النور و شلابی،2002: 05 -06).

### 2-4: تیۆری کولتووری میللی (Folk-Cultural Theory):

سەرهەڵدانی کولتووری فۆلکلۆر بە شێوەیەکی دانەبڕاو پەیوەستە بە چوارچێوەی ئیکۆلۆژی و دەروونی و کولتوورییەوە، کە رۆڵێکی دیار لە دروستکردنی کولتوورێکی نەتەوەیی زیندوو و هەمەچەشن دەبینێت، بۆ نموونە چین وڵاتێکی گەورەیە کە دانیشتووان و گرووپە نەتەوەییەکانی هەمەچەشنی هەیە، هەروەها مێژوویەکی دەوڵەمەندی مێژوویی و کولتووری هەیە، ئەم کولتووری فۆلکلۆرە بە شێوەیەکی سەرەکی لە یەکگرتنی سێ ئاستی ڕەوتی سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێت؛ یەکەمیان: کولتووری چینی سەرەوەیە کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەو کولتوورە وەرگیراوە کە بەهۆی پێگەی باڵادەستی لە سیاسەت و ئابووریدا دروست بووە و بە کولتووری ڕەسەنیش ناسراوە. دووەم: کولتووری چینی ناوەندە، کە چینی مەدەنی و بازرگانی شار دروستی دەکات، کە پێی دەوترێت کولتووری هاووڵاتی؛ سێیەمیان: کولتووری ئاستی خوارەوەیە، واتە ئەو کولتوورەی کە چینی هاوڵاتی دروستی کردووە، پێی دەوترێت کولتووری ئاستی خوارەوە، کولتووری بنەڕەتی و کولتووری باو، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەتوانێت ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی کولتووری فۆلکلۆری بنەڕەتی نەتەوەی چینییە(Huang,2022 :2).پەیوەندی نێوان ئەو سێ گرووپە جیاواز و تەنانەت ڕووبەڕووبوونەوەیە، بەڵام تێکەڵاو و ئاڵۆزیشە؛ لەگەڵ ئەمەشدا کولتوورێکی نەتەوەیی گشتی پێکدەهێنێت .ئەو کولتوورەی کە لە چینەکانی ناوەڕاست و خوارەوەدا هەڵکەوتووە پێی دەوترێت کولتووری فۆلکلۆر، کە بە باشترین شێوە دەتوانێت تایبەتمەندییە سروشتییەکانی نەتەوە و خەڵک پیشان بدات، کولتوورێکی نایاب بە ژیانێکی تازە و ڕەنگاوڕەنگەوە پێکبهێنێت، دەتوانێ درێژە بە ڕەگ و ڕیشەی مێژوو بدات و ڕاستەوخۆ بچێتە قوڵایی دڵی خەڵک، لە هەمان کاتدا بۆنی ناوازەی ناسک و دەوڵەمەند و بەهێزی زەوی کۆمەڵگەشی هەیە، بۆیە تەنیا لە ڕێگەی تێگەیشتن لە کولتووری فۆلکلۆر دەتوانین دەست بە کۆمەڵگە و نەتەوە و مرۆڤەکانەوە بگرین، چونکە بەشێکە لە سامانی مێژوویی و نیشتیمانی کۆمەڵگەکان(Huang,2022 :3).

لێرەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم تیۆرە خۆی دەبینێتەوە لە یاوەرانی لێکۆڵینەی ژیانی میللی، لەم کاتەدا سروشتێکی ئامۆژگاریانەیان گرتووە پتر لەوەی تیۆری ڕەق و ڕووت بن، پتر ئێتنۆگرافین تاکو فەلسەفی بن، خواستی سەرەکی کارەکانیان بریتیە لە فراوانکردنی بازنەی بایەخدانی لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆر، بە جۆرێك گشت بەرهەمە مادیە میللیەکان و کۆی ژیانی میللی بە گشت ڕەگەزەکانی بگرێتە (حواوسة، 2015: 67). هێنری گلاسی [Henry Glassie ?-1941] زانای فۆلکلۆری ئەمریکی لە کتێبی جۆرەکانی کولتووری میللی لە ڕۆژهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەندێ هێڵی پانی دیاریکردووە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی لێکۆڵەری ژیانی میللی کراون، هەروەها وا وەسفی لێکۆڵەری خووە کۆنەکان دەکات کەوا تەنیا هەڵگری ناوی نوێ نین، بەڵکو لەگەڵ ئەم دۆخەشدا بە شێکن لە مێژوو و ژیانی کۆمەڵگەکان، هەر لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لە کولتووری مادی دەبێ وەسفێکی بەدرێژی و ڕێکخستن و پۆلێنی داتا مادیەکان و ڕوونکردنەوەی پەیوەندیە جوگرافیە مێژوویەکانی نێوان جۆرە جیاوازەکان و ڕێکخستن و بەکارهێنانی شتەکان و هەروەها لایەنی وەزیفی و دەروونی بگرێتەخۆ. (Henry,1969 :16). بەشێك لە ڕەگەزە ماددییەکان، مێژوو و شێوازی ژیان دەچنە ناو چوارچێوەی کولتووریی فۆلکلۆرییەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3-4: تیۆری بەراوردکردنی کولتووری(Cultural Comparative theory)**

هەندێ ئاراستەی تیۆری لە زانستی فۆلكلۆر كە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم دەركەوتن، هەندێ گشتاندنی وایان بووە كە گشت كولتووره مرۆییەكان بگرێتە خۆ، ئاراستەی پەرەسەندن لە ئەنترۆپۆلۆژیا لای (ئێدوارد تایلۆر) سوودێكی زۆری بەخشیە داتا فۆلكلۆریەكان، بە تایبەت قوتابخانەی فۆلكلۆریە ڤیكتۆریەكان (ئەوانەی لە سەردەمی ڤیكتۆریا ژیاون) بە گشتی، لە سەرووی ئەم قوتابخانەش (ئەندریۆ لانگ- Andrew Lang) و ئیدوین سیدنی هارتلاند- E. S. Hartland). ئەم كاریگەرییە دۆخەكەی گەیاندە بڕوابوون بە بوونی پلانێك بۆ پەرەسەندنی كولتووری كە خۆی دەبینێتەوە لە گۆڕان لە قۆناخی دڕندەیی بۆ قۆناخی شارستانێتی، بەبۆچوونی ئەم قوتابخانەیە مادده فۆلكلۆریەكان خۆیان دەبیننەوە لە كەڵەكەبووی بیروباوەڕە سەرەتاییەكان كە لە سەرەتا گشت ڕەگەزە مرۆییەكان باوەڕیان پێی بووە لە كەمترین ئاستی پەیژەی پەرەسەندن، پاشان (جیمس فیزەر - James G. Frazer)، لە كتێبی چڵی زێڕین (الغصن الذهبي) پێشنیازی گشتگیری تری كردووە، ئەم پێشنیازەش شوێنكەوتووانی ئاراستەی ئەفسانەیی ڕێوڕەسمی پەرەیان پێداوە، ئەڵبەت ئەم پێشنیازە پێی وایە گشت ئەفسانە و سەرجەم مادە فۆلكلۆریەكان زادەی هەندێ ڕێوڕەسمی كۆنی بەخشینی قوربانیە، بەمەش ئەفسانەكان توانایان زاڵ بووە بەسەر ڕاڤەكردنی ڕێوڕەسم، بەڵام نەمانی قوربانیدان بە مرۆڤ و ئاژەڵ وای لە ئەفسانەكان كردووە ڕێیەكی تر بگرێتە بەر لە پەرەسەندن، بەمەش ڕێوڕەسمەكان وا پاشەكشەیان كرد؛ بە جۆرێك وەك خووێكی ناو شارستانێتی مانەوە و خۆیان دەبیننەوە لە پاشماوەی كەڵەكەبووی بێ وەزیفە(حواوسة، 2015: 71).

ئالان لۆماكس ژمارەیەك گوتار و لێكۆڵینەوەی سەرەتایی بڵاوكردەوە دەربارەی پرۆژەی پێوانەی گۆرانی (Cantomefrics) لە ساڵی ١٩٨٦ كتێبی شێوازی گۆرانی میللی و كولتوور ( Folk song style and Culture) بڵاوكردەوە بە چاودێریی دەستەی یەكێتیی ئەمریكی بۆ پێشكەوتنی زانست. لۆماكس باوەڕی وا بوو كە توانیویەتی لە ڕێی پێوانەی خاسیەتەكانی گۆرانی میللی بگاتە هەندێ پەیوەندی كە ئەم دەبەستێتەوە بە بەشەكانی تری كولتوور، وەك پەیوەندیی نێوان هەردوو ڕەگەز، ئاستی بەرهەمهێنانی ئابووری، سیستەمی هێزی بزوێن، لە جیاتی گشتاندنی كولتووری لەسەر بنەمای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بیرۆکەی هاوتەریبی پەرەسەندن کە کۆمەڵگە جیاجیاکان بڕیویانە و تێیان پەڕاندووە، ئەمەش بریتیە لەو گشتاندنانەی لە سەدەی نۆزدەم باوبوون. لۆماکس دانی ناوە بە بوونی ئەندازەیەك لە فرەیی کولتووری (واتە بوونی کولتووری جیاجیا هەریەکەیان لە پەرەسەندنیاندا لە ژێر هەژموونی یاسا و گشتاندنی جیاجیادان)، هەروەها جەختی کردۆتەوە سەر چەمکی ئێنترۆپۆلۆژی تەوەرەیی کە بیرۆکەی فرە کولتووری (Cultural Pluralism) لەسەر بنیادنراوە، فرە کولتووری واتە گشت کولتوورێك خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵێك هاوئاهەنگی ناوەخۆیی تایبەت بە خۆی و لەسەر شێوازی دەربڕینی تایبەت بە خۆی. (حواوسة، 2015: 70).

بە شێوەیەکی سەرەکی ئاراستەی وەزیفیی ئێنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە بەریتانیا هاوڕێیە لەگەڵ ناوی مالینۆفسکی و ڕادکلیف براون، ناسراویشە بە جەختکردنەوە لەسەر لێکۆڵینەوە لە کولتوورە مرۆییەکان هەر کولتوورێك بە جیا بە گوێرەی واقیعی شوێنی و کاتی، ئەمەش لەبەرئەوەی وەزیفیاتی بریتی نیە لە لێکۆڵینەوەیەکی گشت کاتی، بە ئەندازەی ئەوەی کاتیە، بەمەش ئاراستەی وەزیفی جیاوازە لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان، لە چیدا جیاوازن؟ ئەڵبەت لە ڕەوتی جیاوازیی هەریەکەیان لە هەردوو ئاراستەی پەرەسەندنی بڵاوبوونەوەیی. شیکردنەوەی وەزیفی بووەتە دەروازەیەکی سەرەکی بۆ شیکاریەکانی زانایانی کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بۆ بەستنەوە سیستەمی کۆمەڵایەتی و وەزیفەی لەگەڵ خاسیەتەکانی ڕەفتاری ئەو تاکانەی ئەم سیستەمەیان پێکهێناوە. جا سیستەمی کۆمەڵایەتی ژمارەیەك وردەسیستەم دەگرێتە خۆ، هەریەکەیان وەزیفەی دیاریکراوی خۆی ئەنجام دەدات لەپێناو پاراستنی سیستەمە گشتیەکە. وەزیفیەکان وا دەڕوانن کۆمەڵگە مرۆییەکان وەك ئەوەی سیستەمگەلێکی کۆمەڵایەتی بکەن، بەشەکانی هەر سیستەمێك پشت بە یەکتر دەبەستن، هەر بەشێکیان دەچێتە ناو ژمارەیەك پەیوەندیی پێویست لەگەڵ بەشەکانی تر. (حواوسة، 2015: 70).

زانای ئینگلیز هێربەرت سپنسەر [1823 1903 Herbert Spencer] لە بابەتی هاوشێوەیی زۆر لەمە واوەتر چووە، کە کۆمەڵگە لە ڕووی بنیاد و وەزیفەوە بە بوونەوەرێکی زیندوو چوواندووە، واتە کۆمەڵگە گەشە دەکات و پەرەدەسەنێت وەك گەشەی بوونەورێکی زیندوو، سپنسەر زاراوەکانی زانستە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سرووشتیەکانی لە شیکاریە بنیادیە وەزیفیەکانی کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە، وەك فسیۆلۆژیا و مۆرفۆلۆژیا و ئیکۆلۆژیا...هتد. بە ڕوونی ئاماژەی داوە بەوەی بنیاد لە چەند بەش پێك دێت، ئەم بەشانە دەچنە ناو پێکهاتە و ڕەگەزی بەشەکی بێ ژمار، ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە پشتیوانی نێوان کۆی ئەو بەشانەی دەچنە ناو پێکهاتەی بنیادی گشتی.

## 4-4: تیۆری بە کولتووریبوون و هاوکولتووری (The theory of Acculturation and Culturism)

تیۆری بە کولتووریبوون لە هەندێ پرسیارەوە سەری هەڵدا کە کولتووراندنی ئەمریکی خستنیەڕوو، لە بەناوبانگترین پێشەنگانی ئەم تیۆرە ڕۆجێ باستید [1989 1974 Roger bastide] توێژەری فەرەنسی لە کولتووری ئەفرۆ-ئەمریکی، مامۆستای زانکۆی سۆربۆن، فەزڵێکی گەورەی هەیە لە ناساندنی ئەنترۆپۆلۆژیای ئەمریکی پەیوەست بە کولتووریبوون، هەروەها لە پشت بەدیهێنانی دانان بوو بە مەیدانی ئەم توێژینەوەیە وەك بوارێکی سەرەکی ئەم لقە مەعریفیەکە ئاماژەی داوە بە نوێکردنەوە لە لێکۆڵینەوەی کولتووراندن. (حواوسة، 2015: 73).

باستید لەو بیرۆکەوە دەستی پێ کرد کە ناکرێ لە کولتوور لە دەرەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی بێت، دەشێ مەترسی پوختکردنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی خۆی مەڵاس دابێ لە واقیعە کولتووریەکان (بە پێچەوانەوەش، دەشێ بگوترێ کە ئەوەی ناوی نراوە ئاراستەکردنی کولتووری، مەترسی پوختکردنەوەی واقیعە کولتووریەکانی خستبێتە ناخی واقیعە کۆمەڵایەتیەکان). دواجار لەسەرمانە لە پەیوەندیی کولتووری بکۆڵینەوە لە ناو چوارچێوە جیاوازەکانی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی دەشێ پەیوەندیەکانی تێکەڵبوون و کێبڕکێ و ململانێ..هتد بخاتە پێشینەوە، هەوەها لەسەرمانە بارودۆخی حەقیقەتەکانی تێکەڵاوبوونی کولتووری و بەیەکداچوون (Assimilation) بخەینە چوارچێوەی ڕێکخستن و ڕێکنەخستنی کۆمەڵایەتی. (حواوسة، 2015: 74).

باستید سێ پێودانگی سەرەکی داناوە، یەکەم گشتی و دووەم کولتووری و سێیەم کۆمەڵایەتی. پێودانگی یەکەم بریتیە لە ئامادەنەبوونی مامەڵە (Manipulation) لەگەڵ واقیعی کولتووری و کۆمەڵایەتی. لێرەدا سێ حاڵەتی جۆری دەردەکەون(حواوسة، 2015: 73).:

أ. حاڵەتی هاوکولتووریی لەخۆڕای سرووشتی ئازاد: (هەرگیز نابێتە حاڵەتێکی کامڵ لە واقیعدا) ئەم هاوکولتووریە نە ئاراستەکەرە نە ڕێکوپێکە. گۆڕانی ئەم حاڵەتەش تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ بەرکەوتن، بۆ هەردوو کولتووری پەیوەندیدار تەواو دەبێت، بە گوێرەی لۆژیکی ناوەخۆی تایبەت بە خۆیان.

ب. حاڵەتی هاوکولتووریی ڕێکخراو، بەڵام بەزۆرەملێ، ئەمەش بۆ بەرژەوەندی یەك گرووپ دەبێت وەك لە کۆیلایەتی و ئیمپریالیزم وایە. لێرەدا ویست ئامرازێکی گۆڕینی کولتووری گرووپی ملکەچە بەڵام کورت مەودا، ئەمەش بە ئامانجی ملکەچکردنی بۆ بەرژنەوەندی گرووپی سەردەستە، بەمەش هاوکولتووریەکە بەشەکی دەبێت، زۆر جاریش سەرناگرێت (لە ڕوانگەی سەردەستەکان) بە هۆی فەرامۆشکردنی حەتمیەتە کولتووریەکان، زۆربەی جاری وایش هەیە دارنینی کولتوور جێی هاوکولتووری دەگرێت.

ج. حاڵەتی کولتووری پلاندانراو و ڕێکوپێك: ئەمەش وا دەکات بە ڕێکوپێکی بڕوانێتە مەودای دوور. پلاندانەکەش دەست پێ دەکات لە مەعریفەیەکی گریمانکراو بە حەتمیەتی کۆمەڵایەتی و کولتووری. دەشێ کولتووری پلاندراو گەشە بکات لەسەر بنەمای خواستی گرووپێك کە ئاواتەخوازی پەرەدانن بە ژیانیان بە مەبەستی هاندانی پەرەسەندنی ئابوورییان.

پێودانگەی دووەم خاوەن سرووشتێکی کولتووریە بریتیە لە پێودانگی ڕێژەیی هاوگونجان و دوورکەوتنەوەی نێوان کولتوورە ڕووبەڕووبۆوەکان. دواجار پێودانگی سێیەم خاوەن سرووشتێکی کۆمەڵایەتیە، بریتییە لە ڕێژەیی کرانەوە و داخراوی کۆمەڵگە یەکگرتووەکان. ئەم کۆمەڵگەنە کەمتر تووشی کاریگەریی دەرەکی کولتووری دەبن، بەو پێیەی ئەم کۆمەڵگەنە خاوەن سرووشتێکی کەمی کۆمەڵایەتین، واتە خاوەن جیاکاریەکی کەمی کۆمەڵایەتین، یاخود ئەو کۆمەڵگەنەی جیادەکرێنەوە بە تاکایەتی و فرەیی.

لە لایەکی ترەوە، هەندێ لە دانەرانی وەك هیسکۆڤیچ زۆر جەخت دەکەنەوە سەر ئەوەی پێی دەگوترێ مانەوەی کولتووری (Survivance Culturelle) واتە ئەو ڕەگەزە کۆنانەی پارێزگاریان لە خۆیان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردووە، وەك چۆن لە کولتووری فرەچەشن داهاتووە، ئەمەش دەبێتە هۆی جۆرێك لە سرووشتاندنی کولتوور طبعنة (naturalisation). ئەڵبەت ئەمەش دوای هەوڵ و تەقەلای بەرچاو بۆ سەلماندنی بەردەوامی کولتوور سەرەڕای گۆڕانە ڕووالەتیەکان.

**5- بابەتەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری :**

سەرەڕای فرەیی ڕەگەزەکانی کولتووری، و چوونە ناویەکی ناوەڕۆکیان و کارلێکیان لە تۆڕی گشتی بناخەی کۆمەڵگەی مرۆیی، ئەوا ئەنترۆپۆلۆژیستەکان کۆکن لەسەر دابەشکردنی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری بۆ چوار بابەتی سەرەکی ، ئەمانیش: (زانستی زمانەوانی، شوێنەوارناسی - - زانستی بەراوردی کولتوورەکان و ئێتنۆگرافیا)، ئەمەش ڕوونکردنەوەی هەریەك لەمانەیە:

**1-زانستی زمانەوانی:**

ئەو زانستەیە دەتوێژێتەوە لە پێکهاتەی زمانە مرۆییەکان، ئەوانەی لەناوچوون و ئەوانەشی ماون، بە تایبەت ئەمانەی تەنیا لە تۆمارە مێژووییەکان نووسراون، وەك لاتینی یاخود یۆنانی کۆن، ئەم زمانە زیندووانەشی ئێستا بەکاردێن وەك عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزی. لێکۆڵەرانی زمان بایەخ بە هێما بەکارهاتووەکانی زمان دەدەن، لەپاڵ پەیوەندیی نێوان گەلێك و نێوان لایەنەکانی تری کولتوورەکەی، بەو پێیەی زمان جامی گوێزەرەوەی کولتوورە. زمانیش یەکێکە لەم سیفەتانەی بوونەوەری مرۆیی پێ جیادەکرێتەوە لە گشت بوونەوەرە زیندووەکانی تر، هەروەها ڕێگەی گفتوگۆ و تێگەیشتنی نێوان تاکەکان و گەلانە، بەوای هێما دەنگییەکان و ئەم شێوانەی ئاخاوتن کە لەسەری کۆکن و دەشێ فێری ببن. سەرەڕای ئەمەی هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی کەلەپووری کولتووری/شارستانی، کە دەشێ زۆربەی زمانەکان لە نووسینەوەی ئەم کەلەپوورە بەکاربێن(معاذ،2004 :227-262).

زانستی زمان شوێنێکی بەرچاو لە کۆی ئەو زانستە مرۆییانەی گرتووە کەوا ئینتمای بۆیان هەیە، خۆ زانستێکی کۆمەڵایەتییش نییە وەك زانستەکانی تر، بەڵکو زانستێکە بەرهەمی گەورەی پێشکەشکردووە، گەیشتۆتە داڕشتنی میتۆدێکی ڕەوشگەری و زانینی واقیعە تایبەتەکان. بۆیە زانایانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەروونناسی و کۆمەڵناسی و ئەنتۆگرافیا جەخت دەکەنەوە لەسەر فێربوونی گشت ئەو ڕێیانەی ڕووەو ماریفەتی ڕەوشگەریی واقیعە کۆمەڵایەتییەکانن، بە تایبەت زانناسیی نوێ.

زانایانی ئەنترپۆلۆژیا، لە سیاقە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکی لە شوێن و کات، لە زمان دەکۆڵنەوە. هەندێکیان هەڵنێجانی وای هەیە پەیوەستە بە کۆڵەگە گشتییەکانی زمان و دەیبەستێتەوە بەو وێنایانەی لە مێشکی مرۆیی هەیە. هەندێکی تریشیان دووبارە زمانە کۆنەکان بنیاددەنێنەوە لە میانەی بەراوردکردنیان بەو دەرهاویشتانەیان لە حاڵی حازردا، بەمەش دۆزینەوەی مێژوویی لەبارەی زمانەوە بەدەست دێنن(عثمان،2010 :104-105). لە لایەکی دیکەوە هەر زمانێك کە تاکەکانی کۆمەڵگە قسەی پێ دەکەن، گوزارشت لە تێڕوانین و بۆچوونێکی تایبەت بە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دەکات، بەو مانایەی ڕەنگدانەوەی زەینیی ئەو تاکانەیە و گوزارشت لە کەسایەتییان دەکات و کولتووریان دەستنیشان دەکات(تیلوین، 2016 :31).

تا ئێستاش ژمارەیەك لە زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی، لە جیاوازییەکانی زمان دەکۆڵنەوە، بۆ دۆزینەوەی ئیدراك و نموونە بیرییە جیاوازەکان، لە ژمارەیەکی بەرچاوی شارستانییەکان. لێکۆڵینەوەی جیاوازییە زمانەوانییەکانیش لە سیاقە کۆمەڵایەتییەی دەچێتە ناو ئەم چوارچێوەیەوە، پێشی دەگوترێ (زانستی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی) کە لە جیاوازییەکانی ناو یەك زمان دەکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی دەری بخات چۆن ئاخاوتن ڕەنگدانەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانە(Kattak,1994 :10).

ئەم زۆر لێکچوونە میتۆدییەی نێوان کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژیا لە لایەك، زانستی زمان لە لایەکی تر، ئەرکێکی تایبەت دەخاتە سەریان ئەویش هاریکاریی نێوانیانە، کە زانستی زمان دەتوانێ بەڵگەی یارمەتیدەر بێت لە لێکۆڵینەوەی مەسەلەکانی خزمایەتی، لە میانەی پێشکەشکردنی بنەمای وشەکان و ئەمەشی دەیخەنەوە؛ لە پەیوەندی نێوان هەندێ واژەی نزیك کە ڕەنگە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەستیان پێ نەکرا بێت، لەلایەن زانای ئەنترۆپۆلۆژیا یا زانای کۆمەڵناسی، بەمەش زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا دەگەنە یەکتر، بەو ئومێدەی لێکۆڵینەوەکانیان زۆر واقعیانەتر بکەن، لە بەرامبەریشدا ئەنترۆپۆلۆژیستە زمانەوانییەکان چەندە توانایان زیاتر بێت بۆ دەرچوون لەم پێکداپژانەی تێی کەوتوون، ئەوا زیاتر بایەخ بە دیاردە مادی و ئەزموونییەکان دەدەن. (شتراوس، 1977: 49).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە تێبینی دەکرێت کە ئێستا لقەکانی زمانەوانی پترن لە لقەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری، سەربەخۆ و جیا لە لقەکانی تر. بۆیە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەشێ ئەنجام بدرێ بەبێ بایەخدانێکی زۆر بە پەیوەندییان بە لایەنکانی تری چالاکی مرۆیی، لە زۆربەی بارودۆخەکانیشدا ئەمەیە واقیعەکە. گومانی تێدا نییە، زمانەکان بەو پێکهاتە ئاڵۆز و نامۆیەی هەیانە، ئەو جۆراوجۆرییەشی خستوویانەتەوە، بە تایبەت لای گەلانی سەرەتایی، ئەوا توێژەر دەوڵەمەند دەکەن بە مادەیەکی دەوڵەمەندی لێکۆڵینەوەیی کە لە ژمار نایەت. (لینتون، 1967: 20).

بۆیە لیڤی شتراوس (بە فەرەنسی: Claude Lévi-Strauss) بایەخێکی زۆر بە زمان دەدات، بە یەکێك لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی مرۆڤناسی دادەنێت، گەر بەردی بناخەی ئەم زانستە نەبێت. لەسەر ئەم بنەمایە؛ زمان خاسیەتێکی سەرەکییە کە مرۆڤ جیادەکاتەوە لە بوونەوە زیندووەکانی تر. لەبەرئەوە بەو دیاردە کولتوورییە سەرەکییەی دادەنێ کە لە ڕێگەیەوە لە هەموو وێنەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگات. جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە لە کتێبی (المناطق المداریە الحزینە) کە لە جیهانی عەرەبی بە (الافاق الحزینە) ناسراوە، ئەمەش جۆرێکە لە ژیاننامە لە قاڵبی ئەنترۆپۆلۆژی، کە دەڵێ: "کاتێك دەڵێین: ئێمە مەبەستمان لە زمان و کە دەڵێین زمان. ئەوا مەبەستمان لە کۆمەڵگەیە"(خریسان، 2006 :78).

ئەمەش هانی دەدات بۆ بەکارهێنانی میتۆد و شێوازەکانی زمانەوانی نوێ، لە شیکردنەوەی زانیارییە کولتوورییەکان و گشت مادە نازمانەوانییەکان. هەروەها وای کردووە وشەی (گوزراشتکەر) بایەخی زیاتر بێت و لەوەی مانای (گوزراشتکراو) دەدات، بەتایبەت یەك گوزارشتکەر (یەك وشە) ڕەنگە دوو گوزارشتی جیاواز بدا لەلای دوو کەسی جیا، ئەمەش بەوای جیاوازیی ئەزموونیان. بۆیە یەك گوزارشتکەر، ڕەنگە گوزارشتگەلی جیاجیای لای تەنانەت یەك کەسیش هەبێت لە کات و بارودۆخی جیاجیا. (ابو زید، 2001: 87).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە زانستی زانەوانی بۆ چەند لقێك دابەش دەكرێ: زانستی زمانەوانیی وەسفی، زانستی بنەمای زمانەكان.

**1/ 1زانستی زمانەوانیی وەسفی:** بایەخ بە شیكردنەوەی زمانەكان لە ماوەیەكی دیاریكراو دەدات، لە سیستمی دەنگی و ڕێساكانی زمان و وشەكان دەكۆڵتەوە. لێرە زانای زمانەوانی لە لێكۆڵینەوەكانیدا پشت بە زمانی ئاخاوتن دەبەستێت، بۆیە گوێ بۆ تاكەكان دەگرێت، بە تایبەت ئەگەر لێكۆڵینەوەی پەیوەست بێت بەو زمانانەی كە نەنووسراونەتەوە. بۆیە زانای زمان ئەم زمانانە دەنووسێتەوە لە ڕێگەی بەكارهێنانی ئەو هێمایانەی زانراو و باون(الخطیب،2005 :19).

هەر چۆنێك بێت، ئەوا پرۆسەی شیكردنەوەی زمانەكان و پۆلێنكردنیان، وەك شیكردنەوە و پۆلێنكردنی نەژادە مرۆییەكانە، هەر بریتین لە هەنگاوی سەرتایی بۆ لێكۆڵینەوە گرنگەكانی تری جگە لە خۆی. زمانەكان، لەگەڵ جیاوازیی جۆریان، بەڵام ئامرازێكی تۆكمەیە لە دەست جیهان. بێگومان لە كۆتاییشدا یارمەتیدەریەتی لە گەیشتن بە تێگەیشتنێكی قووڵی سایكۆلۆژیی تاكەكان و كۆمەڵگەكان. ( لینتون، 1967: 20).

زۆرینەی ئەم لێكۆڵینەوانە جەخت لە گەلانی سەرەتایی دەكەنەوە كە زمانی ئاخاوتنی تێدا بەكاردێ، نووسین و خوێندنەوەیان نەزانیوە. هیچ كۆمەڵگەیەكی مرۆیی نییە -هەرچەند كولتوورەكەی دواكەوتوو بێت- بەبێ زمانی ئاخاوتن كەوا ئەندامەكانی بەهۆیەوە تێك دەگەن.

**1/ 2 زانستی ڕەچەڵەكی زمانەكان:**

ئامانجی دیاریكردنی ڕەچەڵەكی زمانەكانی مرۆڤایەتییە. بۆیە، بایەخ بە لایەنی مێژوویی و بەراوردكاری دەدات، بە شێوەیەك لە پەیوەندیی مێژوویی نێوان ئەو زمانانە دەكۆڵێتەوە كە دەكرێ بە دوای مێژووەكەیدا بچین لە ڕێی دۆكیومێنتی نووسراوەوە. بەڵام كێشەیەكی زۆر ئاڵۆز دەبێت سەبارەت بەو زمانە كۆنانەی كە هیچ دۆكیومێنتێكی نووسراویان جێ نەهێشتووە تا گوزارشتی لەبارەوە بكات، لەمبارەوەیە (Edward Sapir-1884-1939) وەكو ئەنترۆپۆلۆژیستێك پێیوابوو كە بونیادی زمانەكان بریتییە بۆ گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی پێكهاتن و بونیادنان و گەشەكردنی زمانەكان، ئەمەش گەڕانەوە بۆ بونیادی كولتووریی و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگاكان پێویستە، چونكە

لەوێوە زمان توانیویەتی گەشەبکات بەپێی گۆڕانکارییە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانیش گۆڕانکاری و پێشکەوتنی بەخۆوە بینییوە (Gorden and Lyons,2011 :216).

بەڵام میکانیزمی تایبەت هەن کە توێژەر بەکاریان دێنێ لە لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەم زمانانە. هەروەها پەیوەندییەکی هاریکاری لەنێوان زانای زمان و ئەنترۆپۆلۆژیستی کولتووری هەیە، چونکە هەریەکە لە ئێتنۆلۆژیاست و ئەنتریۆلۆژیستی کۆمەلایەتی لەسەریانە لە زمانی ئەو کۆمەڵگەیە بکۆڵنەوە کە لەبارەیەوە دەتوێژنەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، لە سەردەمی ئێستا زانستی زمانەوانی وای لێ هاتووە میتۆدگەلی زانستی و میکانیزمی ورد بەکاربێنێ لە لێکۆڵینەوەی زمانەکانی جیهان. لە میانەی ئەمەشەوە بتوانێ بگاتە یاساگەلێکی سەرەکی و گشتی، کە بایەخی وردییەکەی کەمتر نەبێ لە یاساکانی زانستە سرووشییەکان. (وصفی، 1971: 31-32).

ئەوەی حەتمییە مۆرفۆلۆژیای هەر زمانێك پرسیاری دوو مەودای بوروژێنێت کە پەیوەست بن بە مەیدانی: فیزیا و بەهاکان. چونکە زمان تەنیا ئامرازێکی گەیاندن و دەرخستنی کاردانەوەکان نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ پۆلێنکردنی شارەزاییەکان. شارەزاییش زیاتر لە هێلێکی پەیوست بە بەشەکانەوە دەچێت، دەشێ بە ڕێگەی جیاجیا دابەش بکرێ. (لینتون، 1967 : 182).

بۆیە، لێکۆڵینەوە زمانەوانییە بەراوردکارییەکان، ئەمە ڕوون دەکەنەوە کە بوونەوەری مرۆیی سەرەڕای بەکارهێنانی یەك زمان، بەڵام هەر خۆی نائاگایانە پرۆسەی پاکسازیی بۆ مانای ئەم وشانە دەکات کە بەکاریان دێنێ. بۆیە ناتوانێ وەڵامدەرەوەیەکی وردی بێدارکەرەوە جیاجیاکانی ژینگە دەرەکەییەکەی بێت.

### 2- شوێنەوارناسیی (Archeology):

بە شێوەیەکی تایبەت واتە کۆکردنەوەی شوێنەوار و پاشماوە مرۆییەکان و شیکردنەوەیان، بە شێوەیەك پشتی پێوە ببەسترێ وەك ڕیزبەندییەکی مێژوویی نەژادی مرۆیی، لەم ماوەیەی کەوا نووسینی تێدا نەبووە، و لەبارەیەوەش هیچ دۆکیومێنتێکی تۆمارکراو (نووسراو) نەبووە (الخطیب، 2005 :17-18).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم لقەی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری، لە ڕەچەڵەکی سەرەکیی کولتووره مرۆییەکان دەتوێژێتەوە، بە تایبەت کولتووره لەناوچووەکان. ڕەنگە شوێنەوارناسیی کۆن بەربڵاوترینی لقەکای ئەنترۆپۆلۆژیا بێت، لەوانەیە دۆزینەوەکانی لەلای کەسانی ئاسایی ئاشناتر بێت لە دۆزینەوەکانی لقەکانی تر. نموونەیەك لەسەر ئەمە، ناوی (تووت عەنخ ئاموون) یەکێك لە پاشایانی میسری کۆن، خەریکە لە ناوەندە میللییە گشتییەکانیش ئاشنا دەبێت. (لینتون، 1967 : 22).

سەرەڕای ئەوەی ئامانجی یەکەمینی ئەم توێژینەوانە بریتییە لە دەستکەوتنی زانیاریی سەبارەت بە گەلانی کۆن، وەلێ دوائامانج خۆی دەبینێتەوە لە یارمەتیدانی خوێنەر و لێکۆڵەران لە تێگەیشتن لە پرۆسەکانی پەیوەست بە گەشەی کولتوورەکان یاخود شارستانییەکان گەشە و لەناوچوونیان، هەروەها پەیبردن بە هۆکاری بەرپرس لەو گۆڕانکاریانە. (الخطیب، 2005 : 18).

وەك زانراوە لەلای زانایانی ئەنترپۆلۆژیای کولتووری، دەرکەوتنی نووسین دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی چوار هەزار ساڵ پێش زاین، ئەمەی لەبارەی ئەم مێژووەوە نووسراوە لەلای لێکۆڵەر و توێژەرانەوە شتێکی ئاشنایە، بەوای ئەم شوێنەوارە نووسراوانەشەوە دەکرێ زۆر شت لەبارەی مرۆڤەوە بزانرێ. (ناصر، 1985 :62).

زانای شوێنەوار لە لێکۆڵینەوەیدا، پشت دەبەستێ بە پاشماوەی مرۆڤی کۆن، کە سرووشتی کولتووری و ڕەگەزەکانی دەنوێنێ. شوێنەوارناسەکان گەیشتوون بەو شێوازە وردانە بۆ هەڵکۆڵینی چینەکانی زەوی کە پێشبینی بوونی پاشماوی شارستانی تێدا دەکرێ. هەروەها گەیشتوونەتە میتۆدی ورد بۆ پشکنینی ئەم پاشماوە و دیاریکردنی شوێنەکانیان و پۆلێنکردنیان بەمەستی ناسینیان. زانای شوێنەوار دەتوانێ بە بەکارهێنانی ئەم میتۆدانە، زانیارییەکی زۆر هەڵێنجێنێ لەم کولتووره کۆنانە، و گۆڕانکارییەکانیان، پەیوەندیی هەریەکەشیان بەویتریانەوە( الخطیب،2005 :17-18).

ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری پاشماوەی ماددەکان بەکاردێننەوە وەك دراوە سەرەکییەکان بۆ بەکارهێنانی ماریفەتی زانستی و تیۆری، کە شوێنەوارناسەکان نموونەی شارستانی و پەرەسەندنی وا شی دەکاتەوە کە خۆی لێداوە، ئەڵبەت پاشماوی بارودۆخەکانی تایبەت بە بەکاربردن و چالاکییەکان دەدۆزنەوە.

دەنکۆڵەی کێوی و دەنکۆڵەیماڵی/ بۆ نموونە: خاسیەتگەلی جیاوازیان هەیە ڕێ دەداتە شوێنەوارناسەکان کە جیاوازی بکەن لەنێوان ئەم ڕووەکەی هێنراوە، ئەم ڕووەکەشی بایەخی

ناوخۆیی دراوەتێ. هەروەها پشکنینی ئێسقانی ئاژەڵانیش تەمەنی ئەم ئاژەڵانە دردەخات کە سەربڕاون، زانیاریی پتری سوودبەخشیش دەبەخشێت، کە ئەمە دیاری دەکات کام ئاژەڵانەماڵین یاخود کێوی. شوێنەوارناسەکان لە میانەی توێژینەوەیان لەم زانیاریانە، دووبارە نموونەی بەرهەمهێنان و بازرگانی و بەکاربردن بنیاددەنێنەوە(8: Kattak,1994). نموونەیەکی دیکە کە زانستی ئەرکیۆلۆژیا لە چوارچێوەی ئەنترۆپۆلۆژیادا ڕوون دەکاتەوە؛ بریتییە لە شاکاری (مۆنالیزە) بابەتێکە لە بابەتە شێوەکارییەکان، ئینجا بابەتە ئەرکیۆلۆژییەکەی؛ کە گەڕانە بە دوای هێما و شکڵ و شێوەی دەمووچاو، شکڵی ڕەنگەکان و تایبەتمەندییەکانی و بۆچی (لیۆناردۆ-دافشی) بەو ڕەنگانە ئەو وێنەیەی کێشاوە نەك بە ڕەنگی دیکە؟ هەروەها بۆچی لە یەك کاتدا مۆنالیزای والێکردووە کە خەندەی لەسەر لێو بێ و دڵتەنگیش بێت. (تیلوین، 2016 :34).

بۆیە شوێنەوارناسەکان – ئەنترۆپۆلۆژیستە کولتوورییەکان- پەنا دەبەنە بەر سوودوەرگرن لە توێژینەوەی زاناکانی جیۆلۆژیا و کەشناسی، بۆ دڵنیابوون لە ناسنامە و مێژووی بوونی ئەو پاشماوەی دۆزیویانەتەوە. هەروەك چۆن شوێنەوارناسەکان هاریکارن لەگەڵ پسپۆڕانی ئەنترۆپۆلۆژیای سرووشتی؛ زانایانی نوێی شوێنەواریش سەرکەوتوو بوون لە بەکارهێنانی (کاربۆنی تیشکدەر) وەك هۆکارێك بۆ بە دیاریکردنی تەمەنی ئەم پاشماوەیە بە وردی. (وصفی، 1971: 31).

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: شوێنەوارناسەکانی کۆن، هەوڵ دەدەن ئەم بەشەی مێژووی کۆن بدۆزنەوە کەوا تۆمارە نووسراوەکان خۆیان لێ نەداوە. زانای شوێنەوارناسی کۆن زۆر بەگەرمی خۆیان لەم مەیدانە داوە، چونکە هەر کارەکەی بەستراوە بە کۆمەڵێك پاڵنەر و وروژێنەری هاندەرانە، وەك حەز و ویست لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوەی سەرنجڕاکێشی زانستی، ئەگەری دۆزینەوەی گەنجینەی بەنرخ.. ( لینتون، 1967: 23 ).

کەواتە شوێنەوارناسی دەکۆڵێتەوە لە مێژووی مرۆڤ و ئەو گۆڕانە کولتووریانەی هاوڕێن لەگەڵی، وەك هەوڵدانێك بۆ بنیادنانی وێناکردنێکی گشتی لەبارەی ئەو ژیانی کۆمەڵایەتییەی لە کۆمەڵگە کۆنەکاندا، کۆمەڵگەکانی بەر لە مێژوو. جا ئەگەر شوێنەوارناسی تا ئەندزایەك پشتی بە مێژوو بەستبێت، بەڵام لەوەشدا لێی جیاوازە کە لە قۆناغە شارستانییە تۆمارکراوەکان ناکۆڵێتەوە، بەڵکو لەم ماوانە دەکۆڵێتەوە کەوا کۆمەڵگەی مرۆیی تێیدا ژیاوە پێش داهێنانی نووسین و تۆمارکردنی مێژوو.

### 3-زانستی کولتوورە بەراوردکراوەکان. ئێتنۆلۆژیا Ethnology

ئێتنۆلۆژیا بە لقێکی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری دەژمێردێت، تایبەت بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە هەڵکەوتنی زنجیرەییە مرۆییەکان، ڕەچەڵەکی سەرەتایی مرۆڤ، واژەی ئێتنۆلۆژیا دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچەڵەکێکی یۆنانی بۆیە ئەتنولۆژیا دەکۆڵێتەوە لە خاسییەتە زمانەوانی و کولتووری و زنجیرەیی گەلان. (اسماعیل، 1973، ص46). ئەتنۆلۆیا لە دوو وشە پێکدێت؛ Ehnos واتە نەتەوە-ڕەگەزە جیاوازەکان، Logos بەماناي زانست یان دیراسەش دێت(عثمان،2010 :92)، ئەگەرچی بۆچوونێکی دیکە پێیوایە کە ئەم زانستە توێژینەوەیەی بەراوردکاری کولتووریی ئەنجام دەدات، بەجۆرێك ئامانجی سەرەکی بریتییە لە گەیشتن بە زانین و تێگەیستنی قووڵ لە مرۆڤ لە ڕووی کولتوورییەوە(احسان،1999 :56).

ئێتنۆلۆژیا زانستی میللەتان وگرووپەکانە، بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی دەدات بە توێژینەوەی ڕووە لێکچوو و جیاوازییەکانی نێوان کولتووری مرۆڤایەتی، پسپۆرانی ئەم لقە توێژینەوەی مێژووی گرووپەکان دەکەن، بەمەبەستی دیاریکردنی شوێن وکاتی پەیوەندی شارستانی یاخود لاوازی وپچڕانی تێکەڵەبوونیان لەگەڵ یەکتری، هەروەها دیاریکردنی فاکتەر و هۆکارەکانی جیاوازی و لێکچوونی نێوان گرووپەکان، لەم بوارەدا توێژەرەکان بەراوردی کولتوورەکان لەگەڵ یەکتری دەکەن، بۆشێوەیەکی بەردەوام و ڕێکخراو و بۆئەوەی دووبارە پێکهێنانی لایەنی تیۆری وەسفی ئاسان بێت بۆیان.(شوانی،2017: 109).

ئێتنۆلۆژیا لە ڕاڤەکردن و دابەشکردنی گەلان لە کۆن و نوێدا، پشت دەبەستێ بەوەی ئەمە ئەنجامی جموجۆڵی ئەم گەلانە و تێکەڵاویانە، هەروەها بڵاوبوونەوەی کولتوورەکان دەگەڕێتەوە بۆ زۆریی ڕووداوە ئاڵۆزەکان، کە لەگەڵ دەرکەوتنی مرۆڤ پێش ملیۆن (ملیۆنان) ساڵ. هەروەها دەتوێژێتەوە لە مەسەلەی سەرچاوە مێژوویيەکانی گەلان، بۆ نموونە هیندییە سوورەکان لە کوێوە هاتوون؟ چ ڕێیەکیان گرتە بەر؟ ئەم گەلانەی کەی و چۆن ئەم ناوچانەیان داگیرکرد کە ئێستا وا تێیدان؟ لە کام لاوە هاتنە ناو ئەمریکا؟ چۆن تێیدا بڵاوبوونەوە؟ کەی نەژادەکانی هیندییە سوورەکان دەرکەوتن؟ ئەم جیاکارییە زمانەوانی و ڕووخسارە کولتووریانە چین؟ کە کولتووری هیندییە سوورەکان بڵاویان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردنەووە، بەرلە بەرکەوتنیان بە کولتووری ئەورووپی؟ ئەمانە و هیترش کەوا سوودبەخشە لە لێکۆڵینەوە وەسفییە بەراوردکارییەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی و کولتوورەکانی. (رشوان، 1988: 81).

بنەمای کولتوورەکان و ناوچە کولتوورییەکان دەچێتە ناو ئەم چوارچێوەیە، هەروەها کۆچکردنی کولتوورەکان و بڵاوبوونەوەیان و خاسییەتە جۆرییەکانی هەریەکیان و لێکۆڵەینەوەی ژیانی کۆمەڵگەکان لە وێنەی جیاجیا. واتە بریتییە لەو زانستەی لە زنجرەییە کۆنەکان و بنەما و شێوازی ژیانیان دەکۆڵێتەوە، وەك چۆن لە ژیانی نوێی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان دەکۆڵێتەوە.

بۆیە پێناسەی ئێتنۆلۆژیا وا دەکرێت کە بریتییە لە: لێکۆڵینەوەی کولتووری لەسەر بنەمای بەراودکاری و لەژێر رۆشنایی تیۆر و ڕێسا جێگیرەکان، بە مەبەستی هەڵێنجانی گشتاندن لە بنەماکانی کولتوورەکان و پەرەسەندنیان، و لایەنی جیاوازی نێوانیان، و شیکردنەوەی مێژوویانەی بڵاوبوونەوەی( کلوکهون، 1964: 31).

تیۆری ئێتنۆلۆژیا بایەخ بە لێکۆڵینەوەی کولتووری دەدا، لە ڕێگەی یاسا بەراودکارییەکان، بە تایبەت بەراوردکردنی یاساکانی گەلانی سەرەتایی، کە زانایانی یاسای بەراوردکاری بایەخ بە لێکۆڵینەوەی هەندێ خوو و نەریت و سیستم و بەهاکان، وەك: ڕەچەڵەکی باوکایەتی و دایکایەتی، دەسەڵاتی باوك، ژیانی ناڕێکخراو، تێکەڵاوی سێکسی، ڕێگە جیاجیاکانی هاوسەرگیری. (حمدان، 1989 :103).

ئێتنولۆژیا لە ڕێگەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگەنە دەتوێژێتەوە کە تا سەردەمی ئێستامان هەروا هەن، یاخود ئەو کۆمەڵگەنەی زۆر لەمێژ نییە لەناوچوونە، و لەبارەیانەوە تۆماری تەواو هەن. هەر کۆمەڵگەیەك ڕێگەی تایبەتی هەیە بۆ ژیان، کە زانایانی ئەنترۆپۆلۆژی بە زاراوەی "کولتوور" ناویان ناوە. چەمکی کولتوور لە گرنگترین ئەو میکانیزمانەیە کە توێژەری ئەنترۆپۆلۆژی مامەڵەی لەگەڵ دەکات. لە جیاکەرەوەکانی ئێتنۆلۆژیا بریتییە لە پشتبەستنی بە هەردوو پرۆسەی شیکردنەوە و بەراوردکردن، هەرچی پرۆسەی شیکردنەوەیە ئەوا لە لێکۆڵینەوەی یەك کولتوور دەکرێ، بەڵام پرۆسەی بەراوردکردن لە لێکۆڵینەوەی دوو کولتوور یا زیاتر دەکرێت. ئێتنۆلۆژیا لە کولتوورە زیندووەکان (هاوچەرخەکان) دەکۆڵێتەوە، کە دەکرێ لەگەڵ خەڵکەکەیدا بژییت، وەك چۆن لە کولتوورە لەناوچووەکان دەکۆڵێتەوە لە ڕێی پاشماوە شوێنەوارییە نووسراوەکان و

دۆکیومێنتارییەکانەوە. لەپاڵ ئەمەشدا بایەخ بە لێکۆڵینەوەی دیاردەی گۆڕانی کولتووری دەدا لە میانەی توێژینەوە لە مێژووی کولتوورەکان و پەرەسەندنیان(عثمان، 2010 :92-93).

زانایانی ئێتنۆلۆژیا تا سەردەمانێکی نزیکیش، توێژینەوەکانیان چڕ و کورت دەکردنەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و مرۆییەکانی کۆمەڵگە کولتوورییەکان. تاکیان وا دەدانا کە گوێزەرەوەی کولتوورە، یاخود ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی یەکە هاوشێوەکان کە دەشێ یەکیان بە یەکێکی تر جێگۆڕ بکرێ. بەڵام دوای چەندان لێکۆڵینەوە، بۆ ئەم زانایانە دەرکەوت کەوا پێودانگە کەسییەکان دەگۆڕێن بە گۆڕانی تاکەکان و کۆمەڵگەکان و کولتوورەکان. (ناصر، 1985: 66).

لە سەرەتاکانی پەرەسەندنی توێژینەوە ئێتنۆلۆژیایەکان، زاناکان هەوڵدەدەن ئەو هۆکارانە بدۆزنەوە کەوا لە کۆمەڵگەیەکی دیارکراو دەکات پەرە بدات بەو تەوەرانەی بایەخی تایبەتیان لەلای هەیە، هەروەها قبووڵی ئەو پێشهاتە جیاجیایە نوێیانە دەکات یا نا، بە تایبەت لەو جۆرەی کە سوودێکی وای نییە، هەروەها ئەو هۆکارانەشی کەوا لە کۆمەڵگە فرەجۆرەکان دەکات بە شێوەیەکی ڕێکخراو ئاراستە جیاجیاکانی پێچەوانە ببن لە پەرەسەندن. لە سەردەمانێك بیروباوەڕێك باو بوو کەوا ئەم دیاردانە ناتوانرێ بدرێنە پاڵ واقیعی دیاری مێژووی، بەڵام ئەم تیۆرە جۆرێکە لە ئەگەری دیالیکتیکی کەوا پشتەستوور نییە بە هیچ بەڵگە و سەلماندنێك. (لینتون، 1967: 32).

ئەگەرچی لێکدانەوە و شیکردنەوەی جیاوازبۆ ئەم زانستە دەکرێت، بۆیەشە تێڕوانینێکی دیکە پێیوایە کە بەشێکی سەرەکی ئێتنۆلۆژیا بریتییە لە کولتووری مرڤ، واتە ئەم زانستە جەخت دەکاتە سەر لێکۆڵینەوەي ڕەفتاري مرۆڤ لە هەر شوێنێك بێت. چ لە جەمسەری بەستەڵەکي باکوور یان دارستانەکاني ئەفریقیا یان لە دوورگە دابڕاوەکاني ئۆقیانووسەکان یان لە شارە گەورەکانی پێشکەوتووي جیهاندا.

### 4- ئەتنۆگرافیا Ehnography إثنوغرافیا

زۆرینەی زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی زاراوەی (ئەتنۆگرافیا) بەو لێکۆڵینەوانە دەگوترێ کەوا پشت دەبەستن بە وەسفکردنی کولتووریك لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، بەڵام زاراوەی (ئێتنۆلۆژیا) بەو لێکۆڵینەوانە دەگوترێ کە کۆکردنەوەی وەسف و بەراوردکارییە. ئامانجی ئێتنۆلۆژیا لەم

بەراوردکاریانە بریتییە لە گەیشتن بە یاساگەلێکی گشتی بۆ خووە مرۆییەکان، و دیاردەی گۆڕانی کولتووری و شوێنەواری پەیوەندیی نێوان کولتوورە جیاجیاکان، هەروەها ئامانجی ئێتنۆلۆژیا بریتییە لە پۆلێنکردنی کولتوورەکان لە چوارچێوەی گرووپ و شێوە، لەسەر بنەمای پێوەر (پێوادانگە)ی دیاریکراو (وصفی، 1971 :25)، ئێتنۆگرافیا وەکو زانستێك لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا لە وڵاتانی ئەورووپا و رۆژئاوا و ئەمەریکا و ڕووسیا دروستبوو، ئەوەش دوای ئەوەی دەرکەوت کە زانیارییەکی زۆر دەربارەی میللەت و نەتەوە و گرووپە ئێانیکییەکان، بە ڕێگای زانستەکانی ترەوە، بە تایبەت جوگرافیا کۆبۆتەوە و کەڵەکەبووە و، ئەم زانیاریانەش پێویستیان بە پۆلێنکردن و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی زانستانە هەیە؛ ئەوەش چونکە زۆر جاران ئێستاشی لەگەڵدا بێ، نکۆڵی لە بوونی میللەت و نەتەوان کراوە و مافەکانیان پێشیلکراون، یاخود بەبێ بنچینە و بەمەبستی دابەشکردن گرووپە خەڵك بە میللەتی سەربەخۆ دانراون(میران،2021 :137).

جا ئەگەر ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووریی لێکۆڵینەوەی دیاردە کولتوورییەکان بێت بە شێوەیەکی ستوونی، واتە لێکۆڵینەوەی بەراوردی زەمەنیی مێژوویی کولتوورەکانی ڕابردوو، لەگەڵ بەدواداچوونی لێکۆڵینەوەی ئەم کولتوورانە و پەرەپێدانیان و بەراوردیان بە درێژایی مێژوو، ئەوا ئەتنۆگرافیا لە دیاردە کولتوورییەکان دەکۆڵێتەوە بە شێوەیەکی ئاسۆیی بە دیاریکردنی شوێن، بەم شێوەیەش ئەنثنۆلۆژیا لێکۆڵینەوەی بەراوردە لە ڕووی زەمەنەوە، بەڵام ئەتنۆگرافیا لێکۆڵینەوەی بەراوردییە لە شوێن (اسماعیل، 1973 : 26)، ئەگەرچی (ئیڤانز بریتچارد) پێیوایە کە یەکێك لە ئامانجە گرینگەکانی ئێتنۆگرافیا بریتییە لە وەسفکردنێکی تەواو و بێ کەموکوڕی کولتوورێك کە لێی دەکۆڵێتەوە(احسان، 1999 :55).

ئێتنۆگرافیا وشەیەکی یۆنانی کۆنە، لە دووبەش پێکهاتووە؛ ئێتنۆس واتە (میللەت- نەتەوە) گرافۆس (وەسفکردن) واتە وەسفکردنی میللەتان، ئەمە مانایەکی کۆنی ئەموشەیە، کەچی ئێستا ئێتنۆگرافیا وەکو زانستێکی سەردەم تەنیا بە وەسفکردنی میللەت ونەتەوە و گرووپە ئێتنیکییەکان ناوەستێ، بەڵکو شیکردنەوەی توخم و ڕەگەز و دیاردە وپرۆسە ئێتنیکییەکان بەئەرك و ئامانجی سەرەکی خۆی دەزانێ. (میران، 2005 : 7).

ئەگەرچي بەشێك لە سەرچاوە وتێڕوانینە جیاوازەکان پێیانوایە ئێتنۆگرافیا تەنیا کاری وەسفکردنی کولتووری نەتەوەیەکی دیاریکراوە، ناپرژێتە سەر شیکردنەوە ولێکدانەوەی دیاردە کولتوورییەکاني نەتەوە جیاوازەکان.

ئێتنۆگرافیا لە دوو وشە پێکهاتووە؛ Ethnos واتە نەتەوە یان ڕەگەزە جیاجیاکان، Graphy واتە وەسف، یان وێنە دێت. واتە وەسفکردني نەتەوە جیاجیاکان. (الخطیب، 2005 :19).

دیدگایەکی دیکە پێیوایە کە ئەتنۆگرافیا بریتییە لە لە لێکۆڵینەوەي وەسفی بەراوردکاری کۆمەڵگا وکولتوور ونەتەوە جیاوازەکان، کە بەشێوەي کردرای لەسەردەمي ئێستادا بوونیان هەیە. کەواتە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکي ئاسۆیی بەراوردکاری لە شوێن و سەردەمێکی دیاریکرداودا(الخطیب، 2005 :19).

بەوپێیە بێت ئەپنۆگرافیا میللەتان پۆلێن دەکات و بەراوردکارییان لە نێواندا ئەنجام دەدات، بەمەبستی دۆزینەوەی لایەنی لێکچوون و جیاوازی لەنێوانیاندا. بۆ نموونە هەندێ خەسڵەتی ڕەگەز و زمان یان شێوازی ژیان و بیرکردنەوە یاخود ڕەفتاري خەڵکي چەند جیاوازی لە نێوان نەتەوە و میللەتاندا دەخاتە بەرچاو یان دەبێتە خاڵی هاوبەش ولە یەکچوون لە نێوان هەندێك لە گەلانی ناوچەیەك، لە لایەکي دیکەشەوە واتاي لێکۆڵینەوەی وەسفي دەبەخشێت و شیکردنەوە و لێکدانەوەی دیاردە کولتوورییەکانیش دەکات.

## 5. میتۆدی توێژینەوە لە ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری

میتۆد و میتۆدگەرایی(Method, Methodology): میتۆد ئەو ڕێگەیەی توێژینەوەیە کە توێژەر لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان و پۆلێنکردن و شرۆڤەکردن و سوودلێوەرگرتنیان لەو توێژینەوە زانستیەدا کە دەیەوێت ئەنجامی بدات دەیگرێتە بەر، بەڵام میتۆدلۆژیا ئەو تەکنیکییە زانستییەیە کە توێژەر لە کۆکردنەوەی داتاکان و شرۆڤەکردنیان و بەکارهێنانی دەرئەنجامەکانی لە بونیادنانی تیۆرەکان و پێکهێنانی ئەو یاسا زانستیانەی لە بوارێکی دیاریکراودا پەرە بە کایەی زانستی دەدەن و بەکاری دەهێنن(الحسن،1999 :439)، بەڵام دیدیگای جیاوازتر بۆ میتۆدۆلۆژیا هەیە کە پێیوایە میتۆدلۆژی بەمانای تەکنیکی تاوتوێکردنی ئەزموونی زانیارییەکان نییە، بەڵکو ڕەخنەگرتنە لەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرئەنجامە جۆراوجۆرانەی لە توێژینەوەکەدا دەستەبەر دەکرێن، بەڵامم کاری ڕەخنەگرانە یەکسەر دەستەبەر ناکرێ، بەڵکو پێویستی بە مەشق و ڕاهێنانی درێژخایەن و دواتر ئۆرگانی ئەو تۆ هەیە کە ریگە بۆ ئەم مەشق و ڕاهێنانە خۆش دەکەن.

لە توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیدا زیاتر چەشنی چۆنایەتی (Qualitative) بەکار دەهێندرێت، ئەگەرچی دەکرێ هەندێ لە ئامرازەکانی توێژینەوەی چەندی تیادا بەکاربێنن(ژمارە، ئامار و خشتە ..)، بەڵام توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژیستەکان زیاتر پشت بەتوێژینەوەی چۆنایەتی دەبەستن، بۆیە بەر لەهەموو شتێك؛ مرۆڤ، خەڵك، دانیشتوان، کولتوور بابەتی سەرەکی ئەنترۆپۆلۆژیان، بۆیە کار و ئەرکی ئەم زانستە بریتییە لە توێژینەوە لە کۆمەڵگە و کولتوورەکەی (میران،2021 :30).

ڕێگاکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی کولتووریدا:

ڕێگاکانی توێژینەوەی زانیاری لە زانستی ئەنترۆپۆلۆژیی و ئەنترۆپۆلۆژی کولتووری یەکن و هیچ جیاوازیی و جیاکارییەك بە قووڵی لە نێوانیاندا نییە، بەڵام زۆر جار دەوەستێتە سەر جۆر و شێواز و میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە، بەگشتی ڕێگاکان بریتیین لە :

1. چاوپێکەوتن بە قووڵی (In-depth Interview): توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیی زیاتر پشت بەکاری مەیدانی دەبەستێت، کە توێژەر پێویستە لە مەیداندا کارەکانی ڕابپەڕێنێت، چاوپێکەوتن یەکێکە لە ئامرازەکانی توێژینەوە، چاوپێکەوتن بە تەنیا لەگەڵ یەك کەسدا یان بەشێوەی گرووپ (Focus Group) لەسەر بابەتێك، کولتوور، کۆمەڵگەیەك ئەنجام دەدرێت(مبروك، 2022 :67). شێوازی چاوپێکەوتن ئامرازێکی گرینگە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، بەجۆرێك ئەگەر توێژەر بە باشی مامەڵە لەگەڵ لێتوێژراودا بکات، چونکە خەڵکانێکی زۆر حەزدەکەن بەشێوەی زارەکی زانیاری ببەخشن، نەك بە نووسین(ابراش، 2008 :402).
2. تێبینیکردن (Observation): توێژەر لە ڕێگەی تێکەڵبوونی لەگەڵ کۆمەڵگەی توێژینەوەدا، هەروەها ئەو چاوپێکەوتنانەی کە ئەنجامی دەدات، تێبینی و سەرنجی لەسەر کۆمەڵێك بابەتی گرینگ و هەتسایر بۆ درووست دەبێت، ل ڕیگەی پرۆسەی بێلایەنیبوون و بەشێوەیەکی بابەتیانە تێبینییەکان دەخاتە ڕوو(مبروك، 2022 :67).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. تێبینیکردن بە بەشداریکردن: توێژەر دەبێتە ئەندامێك لە کۆمەڵگەی توێژینەوە و بەشێوەیەکی درووست تێکەڵی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەبێت و بەشداری لە خۆشی و ناخۆشییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگەکەدا دەکات، هەروەها شێوازی ژیان و داب و نەریتەکانیان فێردەبێت، بەمەش باشتر دەتوانێت زانیاری پەیوەست بە کولتوور و ژیانی کۆمەڵگەکە کۆبکاتەوە(ابراش، 2008 :401).
4. هەواڵدەر: پێویستە توێژەر بەشێوەیەکی نهێنی هەواڵدەری هەبێت، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و دڵنیابوونەوە لە ڕاستی ئەو زانیاریانەی کە توێژەر دەستی کەوتووە، تاوەکو توێژەر هەواڵدەری زیاتر بێت باشترە، چونکە زیاتر لە درووستی زانیارییەکانی دڵنیادەبێتەوە. لەم قۆناغەدا لە حاڵەتی توێژنەوەی زۆر تایبەتدا نەبێت، ڕەنگە توێژەر پێویستی بە هەواڵدەر نەبێت، چونکە لە زۆربەی کۆمەڵگەکان دەستکەوتنی زانیاری زیاتر پێویستی بە تێکەڵبوون و ژیانکردنە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەیی کە دەتەوێت توێژینەوەی لەسەر بکەیت (خلف، 2009 :1047).
5. بەڵگەنامە و تۆمارەکان: باشترین زانیارین بۆ توێژەر کە دەتوانێت بۆ درووستی و دڵنیاکردنەوەی زانیارییەکانی سوودی لێ وەربگرێت (خلف،2009 :1047).
6. سەرچاوە و کتێبە زانستییەکان: ئەم ئامرازەش دەکرێت لە ڕووی تیۆرییەوە، لە ڕووی بەرواوردکارییەوە توێژەر سوودی لێ وەربگرێت بۆ دەوڵەمەنترکردنی زانیارییەکانی توێژینەوەکە (خلف، 2009 :1047).

سێ ئامرازی دیکەی کۆکردنەوەی زانیاری هەن؛ کە نوێن و لە توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیایی کولتووریدا بەکار دەهێندرێن، کە بریتیین لە :

7. شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی خێرا ( rapid assessment procures): ئەم ڕێگایە زۆر بەخێرایی هەوڵی کۆکردنەوەی زانیارییەکان دەدات، بەجۆرێك بە کەمترین کات و کەمترین تێچوو کارەکان ڕادەپەڕێنێت، ئەویش کاری هەڵسەنگاندن و ئامادەکردنی ڕاپۆرتە بەشێوەیەك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتێك توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی ئەنجام دەدرێت، بە تایبەت پەیوەست بەو بابەتە نوێیانەی کە لەناو کۆمەڵگە چڕ و فرەکولتوورەکان ئەنجام دەدرێت(مبروك، 2022 :70).

8. گفتوگۆی گرووپی فۆکەس گرووپfocus group discussion: قوتابخانەی ئەمەریکی لە توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی کولتووریدا بەکاری دەهێنێت، لە ڕێگەی گرووپێکی (4-6) یان (4-8) کەسی، گفتوگۆیەکی کراوە پەیوەست بە دیاردەیەکی کولتووری لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت(4: Susan,2018) .

9. بەڵگەنامەی بینراوvisual documentation : ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری هانی توێژەران دەدا بۆ پەرەپێدانی کاری مەیدانی لەناو کۆمەڵگە و کولتوورە جیاوازەکاندا، بەجۆرێك ئامارزی پێشکەوتووی مادی بەکاربهێنن بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی درووست لەسەر شێوازی ژیانی نوێی کۆمەڵگەکان و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کولتوور و ژینگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکاندا ڕوودەدات، هەروەها پاراستنی بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکان بەشێوازێکی مۆدێرن(مبروك، 2022 :70).

گرینگترین بنەماکانی توێژینەوەی زانستی (پرەنسیبە گشتییەکان) لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووریدا ئەمانەن:

1- گشتگیری (العمومیة): توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی دیراسەی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی تەواو دەکات، واتە کۆی لایەنەکانی ژیانی کولتووریی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دەگرێتەوە(بونت و ایزار، 2006 :27).

2- مەیدانی : توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیی پێویستە مەیدانی بێت، واتە توێژەر بچێتە ئەو کۆمەڵگەیەیی کە توێژینەوەی تێدا ئەنجام دەدات، ناتوانێت هیچ جۆرە بۆچوونێکی خەیاڵی و تایبەتی تێکەڵ بە توێژینەوەکە بکات.هەروەها پێویستە توێژەر زمانی کۆمەڵگەی توێژینەوە بزانێت و شارەزاییەکی باش لە کولتوور و ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیە پەیدا بکات (بونت و ایزار، 2006 :27).

3- خۆداماڵین لە بەهاکان: پێویستە توێژەری ئەنترۆپۆلۆژی لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا؛ لە هەموو جۆرە بەهایەکی کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئایینی و نەتەوەیی خۆ داببماڵێت، واتە بێلایەن بێت(غامري،1998 :35-37).

4- بەراوردکاری: بەراوردکاری یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی، کە بەراوردکاری لە نێوان زەمەن و جیاوازییە کولتوورییەکان ئەنجام دەدات، بەجۆرێك گۆڕانکاری و خاڵە نەگۆڕەکان ڕوون دەکاتەوە و شیکردنەوەیان بۆ دەکات(غامري،1998 :35-37).

5- تەواوکاری: توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی پێویستە پرۆسەیەکی تەواو بێت و کۆی لایەنەکانی ژیان بگرێتەوە. (بونت و ایزار، 2006 :27).

6- بابەتیبوون: توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی پێویستە بەشێوەیەکی بابەتیبوون بنووسرێت و ئامادە بکرێت. (غامري،1998 :35-37).

## ئەنجام:

1. زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووریی گرینگیەکی بابەتی لە توێژینەوەی کولتووریی کۆمەڵگەکاندا هەیە، کە توێژینەوە لە کولتووورە جیاوازەکاندا دەکات و لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی ڕەگەزەکانی کولتوور دەخاتە ڕوو، بە تایبەت بەراوردکاری لە نێوان کولتوورەکان و ڕەگەزە سەرەکییەکانی کولتووری کۆمەڵگەکاندا ئەنجام دەدات.
2. کولتوور چوارچێوەیەکی دینامیکی هەیە، ئەگەرچی کولتوورەکان بە بەردەوامی لە گۆڕاندان، بەڵام لە هەندێ کۆمەڵگەدا پرۆسەی گۆڕانکاری بە پرۆسەیەکی هێواشدا دەڕوات، چونکە ژینگەی کولتووریی و کۆمەڵایەتی لە هەندێ لە کۆمەڵگەکاندا چەقبەستووە یان باوەڕی کولتووریی و ئایینی بە بەهێزی چەسپیووە، بۆیە ڕەگەزەکانی کولتووری مەعنەوی وەکو (بەهاکان، داب و نەریتەکان، شێوازی ژیان و ئایین) پرۆسەی گۆڕان تێیاندا زۆر بەهێواشی ڕوو دەدات.

3. گۆڕانکاری لە کولتووری ماددیدا بە بەهێزی دەبیندرێت و کاریگەریی و لێکەوتە و دەرهاویشتەکانیشی بە بەهێزی دەبیندرێت، بۆ نموونە؛ یەکەم: گۆڕانکارییەکانی تەکنەلۆژیا، کە کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری تاکەکان هەیە. دووەم: خواردن و خواردنەوە گشتییەکان، وەکو خواردنە خێراییەکان.
4. ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووریی توێژینەوە لە ژیانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگە جیاجیاکاندا دەکات، بەجۆرێك بایەخ بە جیاوازی شێوازی ژیانی مرۆڤەکان دەدات و هۆکار و لێکەوتەکانی لێکدەداتەوە. هەورەها دیراسەی سیستەمەکانی سیاسی، ئابووری ،کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵگەکان دەکات، بەشێوەیەك کاریگەرییەکانی لەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو.
5. تیۆرەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووریی بە بەردەوامی لە گۆڕان و بەرفراوانبووندان، چونکە ژینگەی کولتووریی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکان جیاوازە و لە گۆڕانیشدایە. هەروەها کارلێککردنی کولتووریی و تێکەڵاوبوونی کولتووریش لە نێوان کولتووریی کۆمەڵگەکان بە شێوازی قۆناغبەندی درووست دەبێت.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:

1- تیلوین، مستەفا(2016)، دەروازەیەکی گشتی لە بارەی ئەنترۆپۆلۆژیا، وەرگێرانی:نادیە وەلی جەبار، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر.
2- شوانی، د. محمد(2017)، بنچینەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی، کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان، هەولێر.
3- میران، پ. د. ڕەشاد(2005)، ئێتنۆگرافیا، دەزگای ئاراس، هەولێر.
4- میران، پ.د.ڕەشاد(2021)، مرۆڤناسی،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات، هەولێر.

### عەرەبی:

1- ابراهيم عثمان، (2006) مقدمة في علم الاجتماع، الاصدارالثالث، دارالشروق للنشروالتوزيع، عمان.
2- اسماعيل، قبارى محمد (1973) الأنثروبولوجيا العامه، منشأه المعارف بالاسكندريه.
3- بوريكو، ر.بودون وف(2007)، المعجم النقدي لعلم الاجتماع، ترجمة: الدكتور سليم حداد، مجد امؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، لبنان-بيروت.
4- بونت و ابراز، بيار و ميشال(2006)، معجم الأثنولوجيا و الانتربولوجيا، ت: مصباح الصمد، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع (مجد)، الطبعة الأولى، بروت-لبنان.
5- بيلز، رالف ؛ هويجرا، هارى (1977) مقدّمه فى الأنثروبولوجيا العامه، ترجمه : محمد 2الجوهرى وآخرون، دار النهضة المصريه، القاهره.
6- الحسن،احسان محمد(1999)، موسوعهة علم الاجتماع، الدار العربية للموسوعات، لبنان- بيروت.
7- حمدان، محمد زياد (1989) الثقافات الاجتماعيه المعاصره، دار التربيه الحديثه، عمّان.
8- حواوسة،جمال (2015)، الفرد والثقافة، جامعة 8 ماي 1948، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، قسم علم الاجتماعية، مطبوعة موجهة للسنة، الجزائر.
9- خريسان، باسم على(2006)، مابعد الحداثة- دراسة في المشروع الثقافي الغربى، دار الفكر أفاق معرفة متجددة، سورية-دمشق.
10- الخطيب، محمد(2005)، الأنثروبولوجيا الثقافية،منشورات دار علاء الدين، الطبعة الأولى، سورية-دمشق.

11- خلف، علي زيدان(2009)، قراءة في تطور مناهج البحث الانثروبولوجية-دراسة مقارنة، مجلة كلية التربية، العدد الثاني، كلية الأداب- الجامعة المستنصرية.
12- رشوان، حسين عبد الحميد (1988) الأنثروبولوجيا فى المجال النظرى، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية.
13- زرقانه، ابراهيم (1958) الأنثروبولوجيا، مكتبه النهضة المصريه، القاهره.
14- شتراوس، كلود ليفى (1977) الأنثروبولوجيا البنيويه، ترجمه : مصطفى صالح، وزاره الثقافه، دمشق
15- الصاوي،علي سيد(1997)، نظرية الثقافة، ترجمة: مجموعة من الكتاب،عالم المعرفة -223، الكويت.
16- عبدالرحمن و المكاوى، فوزى، على(2007)، دراسات فى الانثروپولوجيا الثقافية، مؤسسه الاهرام، مطبعه الفجر الجديد، القاهره.
17- عثمان،مرفت العشماوي(2010)، مقدمة في: الانثروبولوجيا (علم النسان)، دار المعرفة الجامعية، مصر.
18- عوض،السيد حنفي(2010)، فى علم الانسان- دراسات و بحوث في الثقافة الشعوب والمجتمعات، المكتب الجامعي الحديث، مصر- الاسكندرية.
19- غامري، محمد حسن(1998)،المناهج الأنثروبولوجية، المركز العربي للنشر والتوزيع،ط1، الاسكندرية.
20- غامرى،محمد حسن (1991)، مقدمة فى الانثروبولوجيا العامة، ديوان المطبوعات الجامعية، بن عكنون، الجزائر.
21- فهيم، حسين (1986) قصّه الأنثروبولوجيا – فصول فى تاريخ الإنسان، عالم المعرفه (198)، الكويت.
22- كلوكهون، كلايد (1964) الإنسان فى المرآه، ترجمه: شاكر سليم، مؤسسة فراكلين للطباعة والنشر، بغداد.
23- كوش، دونى(2002)، مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ترجمة: قاسم المقداد، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
24- لبيب، الطاهر (1987) سوسيولوجيه الثقافه، دار الحوار، اللاذقيه.
25- لينتون، رالف (1967) الأنثروبولوجيا وأزمه العالم الحديث، ترجمه : عبد الملك الناشف، المكتبه العصريه، بيروت.
26- مبروك،سناء(2022)، رؤية تحليلية لملامح تطور الانثروبولوجيا الاجتماعية :الموضوع والمناهج واجملالات، المركز القومى للبحوث الاجتماعية والجنائية ،المجلة الاجتماعية القومية، المجلد التاسع والخمسون، العدد الثانى، مايو، القاهرة.

27- معاذ، مها(2004)، الانثروبولوجية و دراسة اللغة، في نخبة من أعضاء هيئة التدريس، الانثروبولوجيا مدخل نظري تطبيقي، دار المعرفة الجامعة، اسكندرية-مصر.
28- ناصر، ابراهيم (1982) الأنثروبولوجيا الثقافيه – علم الإنسان الثقافى، الجامعة الأردنية، عمّان.
29- النور و شلابى، أسامة عبدالرحمن و ابوبكر يوسف(2002)، الاتجاهات النظرية الانثروبولوجيا، اركاماني مجلة الاثار والانثروبولوجيا السودانية، العدد الثاني-فبراير.
30- هرسكوفيتز، ميلفيل. ج (1974) أسس الأنثروبولوجيا الثقافيه، ترجمه : رباح النفاخ، وزاره الثقافه، دمشق.
31- وصفى، عاطف (1971) الأنثروبولوجيا الثقافيه، دار النهضة العربيه، بيروت.
32-وصفى، عاطف (1977) الثقافه والشخصيه، دار المعارف بمصر.

**ج- فارسي:**

ناصر فكوهي، مباني انسانشناسي، نشر ني، تهران، 1391.

**د- ئینگلیزی:**

1. Abdul Majeed Ghafor Ebrahim, & Jabar Qader Ahmed. (2022). The Circumstance of Nation Coexistence in a Multiculturism Society: A Field Study in Kurdistan Region. QALAAI ZANIST JOURNAL, 7(3), 351–378. https://doi.org/10.25212/lfu.qzj.7.3.13
2. Barnouw ‹V. (1972) Cultural Anthropology ‹Home wood Illinois ‹Irwen Inc.
3. Eller Jack David (2016), Cultural Anthropology-Global Forces-Local Lives, Routledge, Third edition, London and New York.
4. Gordon and Lyons, Robert, Andrew P, Harriet, D (2011), Fifty kew Anthropology, Routledge, First published, London and New York.
5. Henry, Glassie (1969), Pattern in the Material Folk Culture of the Eastern United State.
6. Jabar Qader Ahmed. (2023). The Relationship and Interaction between Religion and Culture: An Anthropological Research. QALAAI ZANIST JOURNAL, 8(3), 65–93. https://doi.org/10.25212/lfu.qzj.8.3.3
7. Satish kedia (2005), applied anthropology, domains of application, the university of Memphis, - ١٤library of congress cataloguing in publication data applied.
8. Susan c. scrimshaw (2018), ethnography, rapid-assessment, the international encyclopaedia of anthropology.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Introduction to the theory of Cultural Anthropology
# It is a theotitical- Analytical study

**Dr. Jabar Qader Ahmed**
Department of General Education, College of Education and Languages, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Jabar.ahmed@lfu.edu.krd

***Keywords***: *Cultural Anthropology ، Ethnograph, Ethnolog, Archeology*

## Abstract:

Cultural anthropology is a branch of anthropology is one of the new sciences that studies different societies, their cultures, political, social, religious, and economic systems. This science provides accurate and realistic explanations for events. Anthropologists focus on various aspects such as cultural distinction, social institutions, racial cultures, lifestyle relationships, and social interactions between developing and developed societies.

Cultural anthropology studies the cultures of various societies. It presents a detailed and intense presentation of the major types of culture. Even though, technology and the opening of borders consolidate one culture over others, or increase its influence, because cultural differences become more noticeable due to the breadth and influence of technology. Some of the time, technology, material changes, and innovations in one culture directly influence the culture and social structures of another society. In a few cases, the impact of material culture on society is solid. Moreover, Intercultural mixing and cultural interaction in societies take place through distinct processes.

This study is a theoretical-analytical investigation of cultural anthropology that goes into deeper detail to clarify the theoretical underpinnings and methodological facets of the field. The study's findings demonstrate the value of cultural anthropology in understanding various cultures and analyzing how societies are changing on a cultural and social level. They also demonstrate the significant impact of culture on social group interactions, relationships, and behavior.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# المدخل النظرية الى لأنثروبولوجيا الثقافية
# دراسة نظرية وتحليلية

**ملخّص:**

الأنثروبولوجيا الثقافية هي فرع من الأنثروبولوجيا، إنه أحد العلوم الجديدة التي تدرس المجتمعات المختلفة وأنظمتها الثقافية والسياسية والاجتماعية والدينية والاقتصادية. يقدم هذا العلوم وصفا دقيقا وواقعيا للحدث. يركز علماء الأنثروبولوجيا على جوانب مختلفة:التمييزالثقافي،والمؤسسات الاجتماعية، والثقافة العرقية ، وعلاقات نمط الحياة، والتفاعل الاجتماعيبين المجتمعات النامية والمتقدمة.

الأنثروبولوجيا الثقافية تدرس ثقافات المجتمعات المختلفة. يقدم عرضا تفصيليا وشاملا للأنواع الرئيسية للثقافة. ومع ذلك، فإن التكنولوجيا وفتح الحدود تجعل الاختلافات الثقافية أكثر وضوحا بسبب اتساع وتأثيرالتكنولوجيا، لذلك يمكن للتكنولوجيا والتغييرالمادي والابتكارفي ثقافة ما أن تؤثربشكل مباشر على الثقافة والبنية الاجتماعية لمجتمع آخر. في بعض الحالات، يكون تأثير الثقافة المادية على المجتمع قويا. بالإضافة إلى ذلك، يحدث الاختلاط الثقافي والتفاعل الثقافي في المجتمع من خلال عمليات مختلفة.

هذه الدراسة هي دراسة نظرية تحليلية للأنثروبولوجيا الثقافية تتعمق في التفاصيل للكشف عن الأساس النظري والجوانب المنهجية لهذاالمجال. تظهرنتائج الدراسة قيمة الأنثروبولوجيا الثقافية في فهم الثقافات المختلفة وتحليل كيفية تغير المجتمعات على المستوى الثقافي والاجتماعي. كما أنها تظهرالتأثيرالمهم للثقافة على تفاعلال فئات الاجتماعية وعلاقاتها وسلوكها.